# ژن، ژیان، ئازادی

ئامادەکردنی: ئەکادیمیای ژنۆلۆژی

٢٠٢٢

ناویناملیکە: ژن، ژیان، ئازادی
بابەت: فیکری
ئامادەکردنی: ئەکادیمیای ژنۆلۆژی
بەرگ: لوقمان ئەحمەد
مێژووی چاپکردن:
چاپی یەکەم 2022
چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (     ) ساڵی (2022)ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک


"گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە " .............................. ٩

کاروانی فەلسەفەی " ژن، ژیان، ئازادی" ...................... ٣٥

"ژن، ژیان، ئازادی" بە زانست بەرەو کۆمەڵگەییبوون و
دامەزراوەییکردن ................................................ ٦٨

ئەم نامیلکەیە پێشکەشە بە گیانی
ناگیهان ئاکارسەل، ژینا ئەمینی، شلێر ڕەسولی،
دەلال شۆڕش، بەرفین ڕێباز، ڕەنگین یوسف،
شیرین عەلەمهولی، ڕێحانە جەباری، ڤیان پەیمان،
زیلان پەپولە و ئانوش ئابەتیان و لە کەسایەتی
ئەوانیشدا پێشکەش بە هەموو
گیانبەختکردووانی ئازادی.

# "گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە "

ئەو نهێنییەی لە پەندە بەناوبانگەکەی زۆربەی زمانەکانی میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو ڕووبار) دا شاراوەیە " گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە"[١] پێدەچێت ڕێنیشاندەرێک بێ بۆ تێگەیشتن لە سەدەی بیست و یەک. ئەو گیایە چییە و بۆچی لە ئێستادا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە؟. لەم قۆناغەدا دروشمەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"[٢] و " سەدەی بیست و یەک، سەدەی ژنە"[٣] زیاترین دروشمن کە دەبیسترێن، تەنیاش دروشم نین، بەڵکوو ململانێیەکانی نێوان هێز، قەوارە و پێکهاتە دژە-شۆڕشەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی (هێز و قەوارەی تەوەری پیاوسالاری، دەوڵەت-دەسەڵاتداریی و سەرمایەداریی) لە لایەک و و

---

[١] پەندی پێشینان

[٢] سەرچاوەی ئەم دروشمە وەک دروشم، فەلسەفە و پاردایم لەم نامیلکەیەدا بە درێژی ڕوون کراوەتەوە. " دەبێ هەر بەردەوام بن لە فێرکردن و نوێنەرایەتیکردنی فۆرمیلەی ئەفسوناوی-سیحرئاسای ئازاد واتە ژن-ژیان-ئازادی" لە دیداری لەگەڵ پارێزەرانی لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٣ – لە زیندانی ئیمرالی

[٣] ع.ئۆجالان – قەیرانی شارستانیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و چارەسەری شارستانی دیموکراتی – بەرگی چوارەمی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

پێکهاتە و هێز و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ و سەرهەڵدێر و هەروەها ڕەوتی ڕوداوەکانی ئەم ٤٠ ساڵەی دواییە لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە فەلسەفە و پارادایمی تەوەری مۆدێرنیتەی دیموکراتی لە گەشەکردندایە، زیندوویی ئەو بنجە وەک حەقیقەتێکە کە لە قوڵایی مێژوویی و کولتووری میزۆپۆتامیادا شاراوەیە. کاتێ عەبدوڵڵا ئۆجالان دەڵێت؛ " لە کوێدا لە دەستماندا، لەوێدا بەدوایدا دەگەڕێن"[٤] ئاماژە بە ڕیشەی مێژوویی و کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات کە سەرچاوەی کۆمەڵگە و کولتووری زاگرۆسییە و سەرچاوەی کولتووری خوداوەندێتی و کۆمەڵگەی تەوەری دایکانەیە. ئەو یەکەمین شۆڕشەی مێژووی مرۆڤایەتی کە شۆڕشی ژن، کشتوکاڵ و گوندە هەر خۆی لە خۆیدا ئازادییە و یەکەمین پرۆتۆ-مۆدێلی دیموکراسی ڕاستەوخۆیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە دژە-شۆڕشی پیاوسالاری-دەوڵەت و دەسەڵاتداری پاشەکشەی پێکرا بەڵام هەرگیز ناتوانرا لەناوببرێت و لە ڕیشەوە هەڵکێشرێت، ئەمڕۆش ئەو کولتوور، ڕۆحی

---

[٤] ع.ئۆجالان - شارستانیەت مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری – بەرگی یەکەمی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

بەرخودانی و ئازادیخوازییە بە فۆرمێکی هاوچەرخانە لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.
سەرەتا دەبێ ڕاوەستە لەسەر ڕاستیەکی مێژوویی بکەین؛ ڕەوتی دژە-شۆڕش لە ئەنجامی ئەو داگیرکارییەی وەک "کولتووری دەستدرێژی"[٥]ش پێناسە دەکرێت، یەکەمین داگیرکاری و کۆیلایەتی بە پرۆسەیەکی هەزاران ساڵە لە کەسایەتی، ئەقڵ، جەستە، هەست، ناسنامە و بوونی ژندا ئەنجامدا. ژن، نەک تەنیا وەک بوونێکی بیۆلۆژی و ڕەگەزی، بەڵکوو وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پایەیەکی ئابووری و بەهای ئەخلاقی و ویژدانی، قۆناغ بە قۆناغ بە پەرەسەندنی زهنیەتی پیاوسالاری، پلەداری، دەوڵەت و دەسەڵاتداری پاشەکشەی پێکرا، داگیرکرا و کۆیلە کرا. هەروەها ژیان لە واتای ڕاستەقینەی خۆیدا کە هاوسەنگی، خۆبەڕێوەبەری، خودژێنی و هزر و ئیرادەی ئازادە، لە ڕاستی خۆی دوورخرایەوە. ئیکۆ-فێمینیستی ئەڵمانی ماریا میس لەسەر ژن دەڵێ؛ " دوایین داگیرکراو "[٦]، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی ئەو ڕاستییەی سەرەوە

---

٥ ناوی هەڵمەتێکی بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد بەناوی " کولتووری دەستدریژی تێدەشکێنین، ئازاد دەبین" – ٢٠١٠

٦ ماریا میس – لە کتێبی " دوایین داگیرکراو – the last colony " ئاماژە بە دۆخی داگیرکراوی ژن دەکات لە ژێر کاریگەری سیستەمی سەرمایەداری

عەبدوڵڵا ئۆجالان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژووی شارستانی و دەڵێت؛ " ژن یەکەمین کۆیلە، یەکەمین ڕەگەز و چینی کۆیلەکراو و داگیرکراوە"[7]. بۆچی یەکەمین و دوایین کۆیلەکراو و داگیراوە؟
لە ڕووبەر و ڕوانگەی جیاوازەوە گفتوگۆی چڕ هەیە لەسەر هۆکاری ئەو کۆیلەکردن و داگیرکردنەی ژن. هەندێک بۆ ئایین، هەندێک بۆ کولتوور، هەندێکیش ناسەربەخۆیی ئابووری، هەندێک بۆ دابونەریت و هەندێکیش بۆ نەبوونی یاسای دیموکراتی و هتد... دەگەڕێننەوە. هەموو ئەو هۆکارانەش دیدێکی پارچەکراوە و هەمەگیرانە نیە لە خوێندنەوەی ئەو کۆیلایەتیە قوڵەی ژن و کۆیلایەتی پیاو و کۆمەڵگە بەگشتی. ئاماژەی " ژن یەکەمین داگیرکراو و کۆیلەکراوە" ناچارمان دەکات لە ڕووی ڕێبازەوە بگەڕێینەوە بۆ ڕیشەی هەزاران ساڵەی کێشە کەڵەکەبووەکان و ئەو هۆکارانەشی کە تەنیا لە ڕەهەندێکەوە دەستنیشان کراوە و هەوڵ بدەن کە لە وێنە گەورەکەی کۆیلەکردنی ژندا جێی بکەینەوە. لەبەرئەوەی لەو قۆناغەوەی باوکسالاری بە ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری، سوپا، خێزان، ئایین و

---

[7] ع.ئۆجالان – شارستانیەت مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری – بەرگی یەکەمی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

دەوڵەت خۆی گەیاندە ئاستی دامەزراوەیی و ئەو دامەزراوانەی لەپاوانی خۆیدا لە دژی ژن و لە خودی ژندا بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەکار هێنا، شکست و پاشەکشەکردنی ژن دەستی پێکرد. بە هێندەی ئەوەی پرسی ژن، تەنیا پرسی ڕەگەزێک نیە، بەڵکوو پرسێکی بنیاتیی، زهنی، ئایدیۆلۆژی، سیاسی و کۆمەڵایەتیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە مێژووییە کەڵەکەبووە، بۆچی دەبێ لە پێناسەکردنی ژنەوە دەستپێبکەین؟

هەڵبەت پێناسەیەکی تەندروستانە و ڕاست دەربارەی "بوون" ی ژن دەمانگەیەنێتە حەقیقەت. حەقیقەت چیە؟ کۆمەڵگەیەک کە گەیشتووەتە ئاستی وشیاری لەخۆبەڕێوەبردن و خۆپاراستن، پێکەوەژیان لەسەر بنەمای ئازادی و چارەسەری کێشەکان بەهێزی خۆیی، دیموکراتیزەکردنی هەموو بوارەکانی ژیان و هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندیەکانی ژن و پیاو، مرۆڤ و کۆمەڵگە، مرۆڤ و ژینگە، لەسەر بنەمای پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەژیانی ئازادانە. گەڕانەوە بۆ ئەم بەها مێژوویی و کولتوورییە خۆی لەخۆیدا دەبێتە زەمینەی گۆڕانی ڕیشەیی و نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و کۆمەڵکوژیەکانی دژ بە ژن - فێمیساید (هەموو جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی، دەروونی،

ئابووری، یاسایی و هتد بەرامبەر بە ژن)، کۆمەڵکوژکردنی کۆمەڵگە - جینۆساید (هەموو ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە بەمەبەستی پاکتاوکردن یان هۆکاری خۆنەپاراستن و نەپاراستن لەبەرامبەر بە کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێت) و کۆمەڵکوژکردنی ژینگە - ئیکۆساید (هەموو ئەو وێرانکارییانەی کە سەرمایەداران بە مرۆڤ بە گشتی بۆ هەڵپەی قازانج یان لە ئەنجامی داگیرکاری لە بەرامبەر ژینگە ئەنجامی دەدات).

ئەمڕۆ ژن یاخی دەبن لە بەرامبەر حەقیقەتی شوێنراویان، ڕادەپەڕن لە بەرامبەر ئەو پێناسانەی بەسەریاندا سەپێنراوە کە؛ " شەیتان، جادووگەر، لە پەراسووی پیاو خولقاوە، ژنی پیاوێکە، هەڵەوەڕ، هۆکاری تێکوپێکدانە، تاودەرە، پیلانگێڕە، ئەرکی منداڵخستنەوە و تێرکەری ڕەمەک- غەریزەی پیاوە، فیتنەباز، حەسوود، ڕەگەزی لاواز، ڕەگەزی دووەم، ژن پیاوێکی ناکامڵە خولقاوە، کۆیلەی بازاڕی بازرگانی، کەرەستەی ڕازاندنەوە، ئەو کێڵگەیەی پیاوان چۆن بیانەوێت دەیکێڵن[8]."

بەپێی مێژووی زارەکی، ژن هەرگیز ئەو پێناسانەی پەسەند نەکردووە، ناوەکیشی کردنیشیی ئەنجامی

---

[8] دەروازەیەک بۆژنۆلۆژی – بەرهەمی ئاکادیمیای ژنۆلۆژی – ٢٠١٧

سەپاندنی قوڵترین کۆیلایەتییە، بڕیاری بۆ دراوە کە چەند منداڵ بخاتەوە، چی بپۆشێ، چی بکات و چی نەکات، ڕووبەری جووڵانەوەشی کوێ بێت. بەم دۆخەشەوە زهنیەتی پیاوسالاری ژن و خودی پیاویشی بە کێشی نێو دۆخێکی بێواتاکردنی ژیان کردووە. چ دۆخێکی بێواتایی ژیانە لە پوەندی نێوان ژنێکی کۆیلە و پیاوێکی زاڵ و باڵادەست. ئەوەی ڕوویدا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە هاوسەنگەکان گۆڕان بۆ پەیوەندی هێز. گۆڕا بۆ پەیوەندی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبراو، چاودێر و چاودێراکراو، بن دەست و سەردەست، گۆڕا بۆ پەیوەندی پلەداری-هیرارکی. ژن لەبەرامبەر ئەو دۆخی کۆیلایەتیە کەڵەکەکراوەی مێژوو ڕازی نەبووە، مێژووی نوسراو بە دەگمەن ئاماژەی بەو بەرخودان و یاخیبوونەی ژن کردووە. ئەو یاخیبوونەی ژن زۆر جار لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کۆمەڵگەی کورددا بە شێوازی جیاواز بەرچاومان کەوتووە. بۆ نمونە قژبڕین وەک نارەزایی و یاخیبوون. لە شاهنامەدا لە دوو سێ جێگە باسی قژبڕین دەکات کە وەک قسەی دوایی یان ماتەمینی. هەندێ جاریش قژبڕین وەک جۆرێک لە پرۆتستۆ و گەیشتنی چەقۆ بۆ سەر ئێسقانە، واتا باڵاترین یاخیبوونە. بۆ نمونە لە باشووری کوردستان زۆر جار شایەتحاڵی دایکان دەبین کە سنگیان دادەدڕن

له داخی هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبەریان. پەیام و مەغزاکەشی؛ " ئیتر ناتوانم لەگەڵ ئەو دۆخە بژیم"، بانگەوازییە بۆ یاخبوونێک لە بەرامبەر سیستەمێک کە ژن ناتوانێ درێژە بە ژیان بدات. بەشێک لەو هەڵوێستانەی دوای کوشتنی کچە گەنجی کورد ژینا ئەمینیەوە بەرپا بوو نەک تەنیا لە نێو کۆمەڵگەی کورددا بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا بینران تا بە ئەندام پەرلەمانانی ژن، تەنانەت پیاوانیش.
ئەو دۆخەی کە ئیتر ژن بەرگەی ناگرێ، لەمێژووی شارستانیدا بە چەندین کێومالّی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ئابووری پرۆسەی کۆیلەکردنی ژنی گەیاندە ئەو ئەنجامەی ئەمڕۆ لەسەر خودی ژن، کۆمەڵگە و ژینگە لە ئاستی کۆمەڵکوژیدایە. ئەو کێومالّانە چین؟ " یەکەم: کردنی ژن بە یەکەمین کۆیلەی ماڵ، دووەم: کراوەتە ئامرازی سێکس و تێرکردنی ڕەمەک، سێیەم: بووەتە ڕەنجدەری بێ هەقدەست، چوارەمین: کراوەتە ناسکترین کاڵا 'شای کاڵاکان' "[٩] و لە بازاڕی سەرمایەدا کاڵایەکە یان بۆ ڕەواجپێدانی کاڵا بەکار دەهێنرێت. بەو پێیە ژن، لە خۆبوونی خۆی دوورخراوەتەوە و کراوەتە شت، پەراوێز و کاڵا. لە باشترین دۆخی زهنیەتی پیاوسالاری و دەوڵەتیشدا

---

[٩] ع.ئۆجالان – سۆسیۆلۆژیای ئازادی – بەرگی سێیەمی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

کە وەک ڕیفۆرم بە ژن دەفرۆشرێتەوە، پێناسەکردنێتی وەک نیوەی کۆمەڵگە، گوڵ، بوونەوەرێکی ناسک، خۆشەویست، کچی نازدار و هتد... ئەو پێناسانەی شتێکی لە ژیانی ژن و کۆمەڵگە بە گشتی نەگۆڕیوە و بگرە حەقیقەتی ئەوەندەی تر چەواشەکردووە.

گەڕان بە دوای پێناسەی ڕاستەقینەی ژن، واتە تەحەداییکردنی نەریت، پێشداوەری و شێوازی بیرکردنەوەی هەزاران ساڵ، بە تەحەدایی ئەو ناسنامانەی ژن دەستپێدەکات کە پیاوسالاری و دەسەڵاتداری بۆی داتاشیوە. ناکرێت تەنیا لە دۆخی ئەمڕۆی ژن بڕوانین بۆ پێناسەکردنەوەی. تا نەزانین ئێمە کێین، چۆن بزانین کە چیمان دەوێ؟ گرنگە کە واتا بدەینە بوونی ژن. لە دۆخی بێواتایی ژن، ژیان بێ واتا و کۆمەلگە لاسەنگە. ژن کە جەوهەر و ڕووناکترین لایەنی کۆمەڵگەیە، کاتێ بێواتا دەکرێت، دەبێتە تاریکترین بەشی ژیان. " بۆ ژیانێکی ڕاست، پیویستە بەر لە هەموو شتێک ژن پێناسە بکرێت و ڕۆڵەکەی لە ناو کۆمەڵگەدا دەستنیشان بکرێت[١٠]."

واتای ژن لە کوێ دا شاراوەیە؟

---

[١٠] ع.ئۆجالان – سۆسیۆلۆژیای ئازادی – بەرگی سێیەمی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

له لێکۆڵینەوە ئەتیمۆلۆژییەکاندا دەردەکەوێت کە لە زۆر زمان دا وشەکانی ژن و ژیان لە هەمان سەرچاوەوە هاتوون و زۆر وشەش دەربارەی ژیان وشەی مێن. واتە هاوئاهەنگەییەک هەیە لە نێوان ژن، ژیان و سروشت و بواری لەیەکچووشیان هەیە. لە زمانی کوردیدا ژن- ژیان، لە زمانی فارسی زن- زیندگی، لە شێوەزاری هەورامی ژەنی-ژیۆای، لە زمانی سۆمەری نیتا-تی، بە زمانی ڕووسی zhenschina-zahiznلەم نموونانەدا ئەم پەیوەندییە وەک یەکن. لە زۆر زمانی تر وشەی ژیان وشەیەکی مێینەیە. بۆچی کۆمەڵگە کۆنەکان لە ژنێکدا بیریان لە ژیان کردۆتەوە؟ بۆچی تایبەتمەندی ژن و سروشت، ژن و خاک، ژن و ئاو لە یەکتر دەچن؟.

ئەو مرۆڤەی واتای بە خۆی و گەردوون داوە، لە نێوان بوونی خۆی، سروشت و گەردووندا ڕایەڵەیەکی دروستکردووە، بەهای بە کۆمەڵگە داوە و کۆمەڵگەی پیرۆز بینیوە. گەڕان بە دوای واتای سروشت، گەردوون و مرۆڤ، لە تەوەری ژیان و مردندا پەرەیسەندووە. لەدایکبوونی مرۆڤ، ژیان و مردنی وەک سوڕێکی ناکۆتای بوون بینراوە. ئەو لێگەڕینە لە مەراسیم و سروتەکانی بەخاکسپاردن، لەدایکبوون و پەیوەندی زایەندیەوە دیارە. بۆ نمونە، لە ئەشکەوتی شانەدەر کە کۆنترین جێگەی

بەخاکسپاردنی مردووانە، لە پاشماوەکاندا دیارە کە مردووەکە بە شێوەی کۆرپەیەک لە سکی دایکیدا پاڵخراوە، ڕووی لە ڕۆژ کراوە. لە عەفرینیش لە ئەشکەوتی دوودەری، مرۆڤێکی نیاندەرتاڵ کە تەمەنێکی بچووکی هەیە، بەهەمان شێوە نێژراوە. باوەڕیان وا بووە مردووکانیان لە دوای مردن سەرلەنوێ دەست بە ژیان دەکەنەوە. هەرچی ژیانە لە منداڵدانی دایکدا دەستپێدەکات. واتە ئەو ژنەی کە نەمر دەبینرا، لەهەناوی خۆیدا هەڵگری ئاسەواری ژیان و مردن بوو و بە سوڕی مانگانەش نوێ دەبێتەوە. خۆئافراندن و خۆبوون ڕایەڵەی بە ژنبوون، مێبوونەوە بینراوە. مانگ، ساڵ، دار وەک کۆدی ئەو خولْقکارییە پیرۆزکراوە و ناویان بە ناوی ژنەوە هاتووە. زانراوە کە ژن سەرچاوەی ژیانە هەر بۆ ئەوەش ژن پیرۆزکراوە و شایانی ئەوە بینراوە وەک خوداوەند پێناسە بکرێ کە ڕەمزی خولْقاندنە. هەڵوێستێکی چەوتە کە بەهادارکردنی ژن بە منداڵدانیەوە یان بە زایەندییەوە پێناسە بکرێت، بەڵکوو هێزی خولْقکاری هزری، کۆمەڵایەتی و جەستەیی مرۆڤە کە وای لێدەکات پیرۆز بێت. ئەوەی پیرۆزی دەکات، مەعریفەی سروشتە کە لەهەموو بوونەکاندایە. ژنیش لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەو هێزە نیشان دەدات. سەمبولەکانی زمان لەنێوان سروشت و مرۆڤدا

لە کارەکانی ژندا هێماکراوە. ژن، گیای کۆکردۆتەوە و ڕواندوویەتی، یەکەمین جار دۆستایەتی ئاژەڵانی کردووە و ماڵیکردوون، هەر ئەویش بووە کە پەرەی بە ژیانی هاوبەشی کۆمەڵگە داوە و " کۆمەڵگەبوونی خوڵقاندووە و ئەوەش گەورەترین ڕەنجە"[١١] کە لە دۆخی ئێستادا ڕەنجێکی نەبینراوە.
بوونی ژن لە چەقی ژیاندا، بەرەکەت، پاڵەیی و پەیوەندی بە خاکەوە ئەوی پیرۆز کرد لە کۆمەلگە و بووە مایەی ڕێزداریی. کولتوور و ناسنامەی خوداوەندێتیش نیشانە و هێمای ئەو پیرۆزییەی ژنە. ڕایەڵەی نێوان ژن و ژیان بە هێما و ڕەمز لە زهنی کۆمەڵگەدا ئاسەوارێکی قوڵی هەیە. دەتوانین لە زۆر یادگای مێژوویدا پاشماوەی ئەو شتانە ببینین کە باوەڕییان وابووە کە پیرۆزە و تا ئەمڕۆش شیفاهێنەرە. تا ئەمڕۆش سوێند بە نان دەخۆرێت، بە دەستەواژەی یا ستار هاوار دەکرێت، ئاو پیرۆز دەبینرێت و باوەڕ بە هێزی سەرپۆشی سپی دەکرێت. لەو خاڵانەشدا دیارە کە لەسەر جەستەی ژن بەتایبەتی ڕوو، دەست و سنگی کوتاویانە. لە کولتوور و باوەڕی یارسانیدا سوێند بە پرچی دایک

[١١] ع.ئۆجالان – شارستانیەت مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری – بەرگی یەکەمی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

دەخۆن. هەموو ئەوانە ڕایەڵەی ژن و ژیان پێکەوە نیشان دەدات.

ئەگەر وشەی دایک وەک نمونە بهێنینەوە، ئەنجامەکانی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینین؛ لە کوردی دا وشەی دا بە واتای دان و واتای دایکیش " ئەوەی کە دەبەخشێ یان دەدات ". لە زۆرێک لە زاراوەکانی کوردی دا وشەی ئانێ، ئەنێ، ئانا، ئەدێ و یادێ، دایە یان دێ لە زمانی ئاریانیەوە دێت. لە زۆر زمانی ئەورووپی دا بناغەی وشەی دایک " ما " یە و ئەویش لە خوداوەندی دایکە و گەردوونییە. وشەی ئەنە کە لە زمانی تورکی دا بۆ دایک بەکار دەهێنرێت لە زمانی هیتیت و سومەرییەکانەوە وەرگیراوە. لە زمانی سۆمەری دا بە دایکیان گوتووە ئاما. لە زمانی هیتیتی دا ئانا، لە زمانی لویی دا ئانی، لە زمانی لکیا دا ئەنی یە. سەرچاوەی ئەو وشانە لە خوداوەندی ئاو، بەرەکەت و بەرهەم، ئاناهیتاوە دێت و سەرچاوەی ئەویش لە وشە یان پیتەکانی (ئا) – دەچێت. ئا لە زمانی سومەرییەکان دا واتای ئاو- ە. ئاو وەک دایکی یەکەمی زیندوویی. خۆبەخۆ کاتێک مرۆڤ لە منداڵدانی دایکدایە، وەک ئەوەیە کە لە دەریایەکی بچووکدا بێ. سەیرە کە بەپێی زۆربەی چیرۆکە میتۆلۆژی و ئایینییەکان ژیان لە ناو ئاوەوە دەستیپێکردووە. نزیکەی هەموو گێرانەوە میتۆلۆژی

و ئایینییەکان شێواز و کاریکتەری خوڵقانی دونیا مێیە. بەڵام لەهەمان ئەو چیرۆکە ئایینی و میتۆلۆژیانەدا ژن وەک بوونەوەرێک پێناسەکراوە کە لە بەهەشت دەرکراوە یان دانی بە ڕێساکاندا نەناوە. لە بیروباوەڕە کۆنەکاندا هەر شتێک کە بەردەوامیی ژیان مسۆگەر دەکات پێی دەوترێت دایک یان ژن. بەڵام نەک تەنیا شتە سروشتییەکان، بەڵکوو بەها ماددی و مەعنەوییە کۆمەڵایەتییەکانیش. ئەو خوداوەندانەی ناویان ستار، نینهورساگ، ئینانا، دیمیتر، گایا یان ئیسیس، وەک دایکانی چیا، ئاو، درەخت، باڵندە، شێر، مەڕ و بزن، دانەوێڵە، ماڵ، پاراستن، حوکمڕانی و بەرەکەتن. هەزاران ناو بۆ خوداوەندەکان مەزەندە دەکرێت بۆ گوزارە کردن لە هەموو ئەو شتانە بێت کە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە. داری ژیان، مار، زەوی، ئاو، مانگ-خۆر-ئەستێرە لەبەر ئەو هۆکارەیە کە وەک هێمای خوداوەند دادەنرێت. ئەم هێمایانە لەسەر پەیکەر و پەرستگا پیرۆزەکان نەخشێنراون. ژیانی سروشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی لە جەستەی ژندا، لە ژیانی دەوروبەری ژندا هێما و پیرۆزە. ئەو چەمانەی کە دەخرۆشێن، وەک شیری سنگی هێما کراوە، دار، گیا و زیندەوەران وەک بوونی زیندوو لە جەستەی هێما کراوە. ژیانی هەرەوەزی، ئابووری ئیکۆلۆژیانە و هاوبەش،

پەیوەندی کۆمەڵگەی ئەخلاقی، خۆشەویستی ڕێساکانی ئەو سیستەمەی دایکن. ئەو ژیانەی لە دەوری ژن بنیات نراوە، ژیانێکی پڕ ماناداره، بۆیە خەون و خواستەکانی کۆمەڵگەکان، ساتەکانی ئازادیین. ئەم سەردەمانەی ئەو بەهایانە خولْقاون، سەردەمی شۆڕشی یەکەمی ژنن. لە یادگای کۆمەڵگەدا ماوە بەڵام وەک بەهەشتێکی لە دەستچووە.

بەپێی لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان و مێژووی زارەکی، لە قۆناخی بەر دەسەڵاتداریێتی پیاوسالاری ئەو شۆڕشە، واتە کولتووری خوداوەندێتی زەبرێکی قووڵی بەرکەوت و دابڕانی بە خۆوە بینی. ئەو زەبرە کاریگەری لە زمانیش کرد و سەرچاوەی وشەی "ئامارگی"یش لەوەوە دێت. سۆمەرییەکان لە مێژوودا وەک یەکەم دەوڵەت-شار دەناسرێت، بۆ گوزارشتکردن لە ئازادی، بۆ یەکەم جار وشەی ئامارگی بەکار دەهێنرێت کە بە واتای گەڕانەوەیە بۆ دایک و ئەوەش نیشانەیەکی ڕوونی ئەو دابڕانەیە لە ئازادی واتە لە کولتووری دایکایەتی. لە نێو کۆمەڵگەدا وەک حەسرەتی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو گوزارەی لێ کراوە، ڕیشەی پەندی " ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار"ە.

"لە کۆمەڵگەی کورددا دەکرێ پووکانەوەی ژیان زیاتر لە تەوەرەی دیاردەی ژن ببینرێت. لە

کولتووریکی کۆمەڵایەتیدا کە بە شێوەیەکی زۆر واقیعییانە ناوەکانی ژن و ژیانی کردووە بە یەک، کۆتاییهاتنی ژیان لە ژندا نیشانەی سەرەکیی لەناوچوونی کۆمەڵایەتیشە. ئەوەی لە پاشماوەی کولتووریکدا ماوەتەوە کە ڕێگەی لە پێش کولتووری خوداوەند کردووەتەوە و لە تەوەرەی ژن بناغەی شارستانییەتی داناوە، خراپییەکی گەورە و ئالوودەبوونێکی ڕادەستبووی ڕەمەکەکانە سەبارەت بە ژیان لەگەڵ ژندا[12]."

بە هەڵکشانی سیستەمی دەسەڵاتداریێتی پیاوسالاریی، پێناسەکانی ژن هەنگاو بە هەنگاو بەرەو داخران بران. بەو پێیەش، ژن لە لایەکەوە بچووک دەکرێتەوە، لەلایەکی تر پیرۆز دەبینرێت. لە لایەک دەڵێن " بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە "[١٣]، لە لایەکی تر وەک گوناهکارێکی دەرکراو لە بەهەشت، دەبینرێت. ئەو ژنەی سەرچاوەی ژیان، سەمبولی بەرەکەت و کۆمەڵگەبوونە، ڕووبەڕووی سوکایەتی، کوشتن و کۆیلەکردن دەکرێتەوە. لە میتۆلۆژیای سۆمەرییەکانەوە بگرە تا یۆنان لە کتێبە پیرۆزکراوەکانەوە بگرە تا لێکۆڵینەوە زانستیەکان

---

[12] ع.ئۆجالان – دۆزی کورد و ڕێگاچارەی نەتەوەی دیموکرات– دۆزی کورد لە نێو بەرداشی قڕکردنی کولتووری– بەرگی پێنجەم مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

[١٣] لە حەدیسێکی پێغەمبەری ئیسلامەوە وەرگیراوە

بۆچوونی دژە ژن بەردەوامە. بەپێی میتۆلۆژییەکان، خودای بابل ماردۆک، خوداوەند تیماتی پارچەکرد و لە پارچەکانی دونیای خوڵقاند. لە ناوقەد بەرەو ژوور ئاسمان و بەرەو خواریش زەوی. خودای یۆنان زیۆس خوداوەندی جەنگ ئەتینای لە نێوچەوانی هێنایە بوون و بەو پێیەش ئەو پەیامەی دایکە- خوداوەندی زانست مەتیس کە " تۆ ناتوانی بزێی، من دەتوانم بخوڵقێنم". لای هندوسیەکان مەگەر لە سایەی پیاودا ماف بە ژن بدرێت، ئازادی ژن لە دەستی باوک، برا، کوڕ و مێردی دا یە. بەپێی ئەرستۆ ژن پیاوێکی ناکامڵە. بەپێی ژان ژاک ڕۆسۆ ئەرکی ژن ئەوەیە کە چێژ بە ژیان بدات بۆ پیاو و منداڵ بخاتەوە، نەخاسمە بە لایەنی کەمەوە چوار منداڵ. بەپێی هیگل ژن لە " دەرەوەی ڕەوتی مێژوو " ما لەبەرئەوەی شکستی هێنا لە بەشداری لە دەوڵەت و کۆمەلگەی شارستانی دا. بەپێی هیتلەر، سەدام حسێن، ڕژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی ژن تەنیا بە منداڵبوون و دایکێتیەوە واتادار دەکەن. بەپێی دەقە پیرۆزەکراوەکان ژن یان کێڵگەی پیاوانە، یان پاکیزەیەکی پیرۆزە. ژن لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی دەیان پێناسەی هاوشێوە دەبێتەوە. پێناسەکردنی ژن بە ئەقلی پیاوسالاری وەک

ئەڵقەکانی زنجیرێکن لە مێژووی شارستانیدا بەدوای یەکدا هاتن و بە تێپەڕبوونی کاتیش ئاسایی بووە و وەک قەدەرێک بە سەر ژندا سەپێنرا کە تەنانەت زۆرێک لە ژنان ناپرسن، ئەمە سەپێنراوە لە کوێوە هاتووە؟. ئەم پێناسە و دەستەواژە سەپێنراوە ئیتر وەک پەند ڕۆژانە دەگوترێتەوە: " ژنی بێخاوەن هار دەبێ، پیاوی بێ خاوەن هەژار دەبێ. کچ نابێ بێ هەوسار بێت، ژنی بێ منداڵ وەک داری بێبەرە، خودا لە ئاسمان و مێردت لەسەر زەوی و هتد... " ئیتر ژن بە پێی پێگەی پیاو پێناسە دەکرێت. لە ژیان دا ژنی پیاوێک، دایکی پیاوێک، خۆشەویستی پیاوێک، واتە پاشکۆیەکە. ئەو ژنەی بەپێی ئەو ڕۆڵانەی بۆی دەستنیشانکراوە نەجوڵێتەوە، وەک ژنێکی نەشاز و نائاسایی لەقەڵەم دەدرێ. کاتێ کولتووری پیاوسالاری لەگەڵ بەهاکانی سەرمایەداریی یەکیگرتەوە، تەڵەکانی خستنی ژن وەستایانە و شارەزایانەتر نرایەوە. ئیتر بازاڕی سەرمایە، ڕەکلام، میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ لێدوانی ژن و زۆر جاریش ژن بۆ لێدانی ژن بەکار دەهێنرێت، جەستەی ژن و هەستی ژن کرایە چەکێک لە دژی ژن، زۆر جاریش لە ژێر ناوی ئازادیدا ڕەوایی بە کاڵاکردنی ژن درا و لە بەرامبەر بەوەش زەمینەی بۆ بەهێزکردنی زهنیەتی کۆنەپەرستی و پێچانەوەی ژن

و داپۆشینی ژن کرد. ئەم نمایشی داپۆشینە بەدەستی هێزی کۆنەپەرستەکان گۆڕا بۆ پێشبڕکێ و نمایشی داپۆشینی بە کۆمەڵی ژنان. ژن، بە پێی زهنیەتی پیاوسالاری و بۆ بەرژوەندی و بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی پیاوسالاری وەک بۆسەیەک نرایەوە و کرایە کەرەستەیەک بۆ بەردەوامیدان بە کۆیلایەتی. خۆبەخۆ کۆیلایەتی ژن خۆراکدانی سروشتی سیستەمی باوکسالاریە. شکاندنی ئەو کۆیلایەتیە، واتە خرۆشانی وزەی ژن بەرەو ئازادی سەرەتای شەڕی بوون و تێگەیشتن و بێداربوونەوەی لەو دۆخی کۆیلایەتیە..

بەو پێیەی ژن کۆیلەکراوترین و داگیرکراوترین بوون بووە، لەهەمان کاتدا بەرهەڵستکارێکی بەردەوامی سیستەمی پیاوسالاری و دەسەڵاتدارێتی بووە. ئازادی ئەو کاتە دەستپێدەکات کە لەو دۆخی کۆیلایەتی و داگیکراوییەی خۆی بێدار دەبێتەوە. بێداربوونەوە و جووڵە لە بەرامبەر ئەو دۆخە دەیکاتە گەڕیدەیی حەقیقەت. " ڕاستیەک بێدار نەبووبێتەوە نابێتە حەقیقەت"[١٤]، ئەوانەی درک بە مێژووی خۆیان بکەن، دەتوانن وەڵامی ساتەوەختە

[١٤] ع.ئۆجالان – قەیرانی شارستانیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و چارەسەری شارستانی دیموکراتی – بەرگی چوارەمی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

مێژووییەکانیش بدەنەوە. جوولە تەنیا زادەی ساتەوەخت نیە بەڵکوو کەڵەکەکراوێکە و شۆرش و ڕاپەڕینەکانیش تەنیا ساتەوەختی تەقینەوەکانن. واتە ئازادی لە دەستچوو " ئامارگی " تەنیا بە تێکۆشان و خۆڕێکخستن بە دەست دەهێنرێتەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ ژنان بە شێوەی جیاواز و لە جوگرافیای جیاوازی جیهان ڕادەپەڕن ئەوە نیشانەی ئەوەیە زیندوویی ئەو ڕیشە مێژووییەی بەرخودانی ژنە.

ژن بۆ تێپەڕاندنی ئەو ناسنامانەی ژن بە کەلتوری شەرم، لۆمە، قەدەغە، ڕیسواکردن و بچووککردنەوە و لەناوبردن گەمارۆدراوە، لە هەموو دەڤەرێکی جیهان پەرەیان بە تێکۆشان دا. لە دژی هەڵوێستی ئەو پیاوانەی کە ژن وەک موڵک دەبینن، دروشی " ئێمە ناموسی هیچ کەسێک نین، ناموسمان ئازادیمانە "[15] یان وتەوە. لەبەرامبەر هەڵویستی ئەو پیاوانەی کە دەیانویست بڕیار لەسەر جەستەی بدەن، ژنان ڕژانە مەیدانەکان و دروشمی " ئەم جەستەیە هی من، من بڕیاری لەسەر دەدەم" وتەوە. بۆ ئەوەی کە نیشانی بدەن دەستدرێژی تەنیا یەک ڕەهەند نیە، بەڵکوو سەرتاپای سیستەمی پیاوسالاری

---

[15] " ئێمە ناموسی هیچ کەسێک نین، ئازادیمان ناموسمانە" ناوی هەڵمەتێکە کە لە لایەن تەڤگەری ژنی کورد لە ئەورووپا ڕاگەیەنرا – ٢٠١٥

دەستدرێژییە بۆ سەر هەموو بوارەکانی ژیان و دەستدرێژییە بۆ سەر ژن، ژنان بوێریان نیشان باسیان لەو چیرۆکانەی دەستدرێژی کرد کە بەسەریان هاتووە و گووتیان " می توو، واتە منیش "[١٦] و ئاماژە بەوەی منیش هەمان شتم بەسەرهاتووە. گووتیان دەزانین کە کێ دەستریژی و گێچەڵ دەکات و سەمای لاس تەسیس( تێزەکان)یان کرد و ئاماژەی هاوپەیمانی سەرمایەداریی، دەوڵەت و پیاوسالاریی کرد لە دژی ژن. لەلایەکی تر ڕایانگەیاند کە ژن مەگەر بە تێکۆشان لە پێناوی " بوون" دا واتا بە خۆی ببەستێت. وەهاش ژیان واتای ڕاستەقینەی خۆی دەبێت، ژیان تەنیا گوزەرێکی بیۆلۆژی نابێ و ئامانجیش تێرکردنی ڕەمەکەکان نابێ. ژیان واوەتر لە پێناسەکەی فرۆیدییەکەی کە وەک سەرچاوەی چێژە، واوەتر لە پێناسەی هیگلیەکەی کە وەک سەرچاوەی هێزە بەڵکوو لە دیدی ئۆجالان بە واتادان پێناسەی ژیان دەکات و لەو سۆنگەیەوە واتادان بە ژن و ڕایەڵە مێژوویی و کولتوورییەکەی، بوونە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی، گەڕان بە دوای

[١٦] Me too منیش – ناوی هەڵمەتێکە کە ژمارەیەک زۆر لە ژنان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیا ندەیانویست سەرنج بۆ سەرنج بۆ سەر ئەو دەستدرێژییانە ڕاکێشن کە لە کارەکانیان بەسەریان هاتووە بە زۆریش لە ئەکتەرەکانی هۆلیودەوە دەستی پێکرد و لەماوەیەکی کورتدا بڵاو بۆوە

حەقیقەتدا واتادارتر دەکات، لە پێوەری ئێتیک-ئیستێتیک ژیان جوان دەکات. کاتێ ئۆجالان لەسەر چالاکیە قارەمانێتیەکەی بێریتان دەڵێ" ئەوەی تێدەکۆشێت، ئازاد دەبێ، ئەوەی ئازاد دەبێ جوان دەبێ، ئەوەی جوان دەبێت خۆشەویست دەبێت"[١٧] لە واتایەکی تردا تێکۆشان لە پێناو بوون، ناسنامە و ئازادی پێوەری ئەشق و خۆشەویستییە، هەرچی ژیانی کۆیلایەتیە، ژیانێکی قێزەونە.

ژن بوونێکە لە دۆخی ئێستا ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی، کۆچبەری، هەژاری، برسێتی، بێکاری، لەشفرۆشیبۆتەوە. " واقعێک- ڕاستیەک کە بوونەکەی ڕووبەڕووی لەناوچوونە، یەکەمین کێشەی ئازادی نییە، بەر لە هەموو شتێک پاراستنی بوونە و ئەگەر بکرێت دەبێ لەگەڵ پاراستندا، ئازاد بکرێت. چونکە ئەوەی بوونی نەبێت ئازادی نابێت. ئازادیش تەنیا لە ڕێگەی بوونەوە بەدی دێت". بۆ ئەوەی ژنێک بوونی خۆی بپارێزێت سەرەتا دەبێ بوونی خۆی بناسێت و پێناسە بکات و واتاداری بکات. تێکۆشانی بزووتنەوەی ئازادی کورستان و

---

[١٧] ع. ئۆجالان – لە ڕاهێنانێکی کادیراندا لە ئاکادیمیای مەعسوم قۆرقماز، دوای چالاکیە گیانفیدابیەکەی بێریتان ( گوڵناز قەرەتاش) ٢٥ ی تشیرینی یەکەم ١٩٩٢ کاتێ پێشمەرگەکانی پ.د.ک داوای ڕادەستبوونیان لێکرد لە چیای خاکورکێ، ئەو چەکەی خۆی شکاند و خۆی هەڵدایە خواورەوە

بزووتنەوەی ئازادی ژنی کورد، قۆناغەکانی تێکۆشانە لە پێناوی بوون و ناسنامە. لە پێناوی خۆبوون و خۆداماڵین لە دەمامک و کاریگەریەکانی داگیرکاریی. قەیرانی ئەوڕۆیی سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵاتداریی و سەرمایەداریی هەم ئەنجامی قوڵبونەوەی بێچارەیی لە ئاست کێشەکان و هەم وشیاربونەوە و تێکۆشانی ژنان و گەلان هەموو دەمامکەکانی سیستەمی داماڵیوە و ئەو پرۆسەیەش هەروا بەردەوامە.

ناگیهان ئاکارسەل (لە ٤ تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ لە سلێمانی لە ئەنجامی کردەیەکی تیرۆریستی دەوڵەتی فاشیستی تورک لە سلێمانی شەهید بوو) وتارێکی خۆی دا لە کتێبی سەدەی بیست و یەک سەدەی ژنە دا بە ئاماژە بە بەرنامەی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلان HDP باس لە سەرچاوە ڕیشەییەکانی قەیرانی سیستەم دەکات و بۆ سێ ناکۆکی و ململانێی دەگەڕێنێتەوە: یەکەم؛ ناکۆکی لە نێوان بژاردەیەک لە سەرمایەداران کە بەڕێی گوشارو فشار دەستیان بەسەر زۆربەی موڵک وسامانی جیهاندا گرتووە لەلایەک و هەموو مرۆڤایەتی لەلایەکی تر. دووەم؛ ناکۆکی نێوان سروشت و ئەو مرۆڤەی بەهۆی زاڵبوونی بێسنوور و هەڵپەی بەرخۆری، سروشت بەرەو لەناوچوون دەبات.

ناکۆکی سێیەمە؛ ناکۆکی ڕەگەزییە سەرەکیترین ناکۆکیە، ناکۆکیەکی زهنی، بنیاتییە. بە دەستوەردانی ئایدیۆلۆژی ئەنجامدراوە" تێگەیشتن لەم ناکۆکیە قوڵەی مێژوو کە هەم ناکۆکیەکی ڕەگەزییە و لە هەمان کاتدا کرۆکی ناکۆکی شارستانی چینایەتی، دەسەڵاتداریێتی، دەوڵەت و پیاوسالارییە لەبەرامبەر ژن و زۆرینەی کۆمەڵگە. تەنانەت ژنانی پێشەنگ و فەیلەسوف لە مێژوودا بە گوتە بەناوبانگەکانیان ئاماژەیان بەو ناکۆکیە قوڵەی مێژوو کردووە. نوسەر و چالاکی سیاسی فەرەنسی ئۆلیمپ دە غوش ڕێک لەساڵانی شۆرشی فەرەنسا ڕادەگەیەنێت کە ژن وەک مرۆڤ پێناسەی بۆ ناکرێت و دەڵێ؛ " کاتێ حەقی سێدارە بە ژن دەدەن، ئەو کاتە حەقی قسەکردنیشی لە مینبەر بدەنێ." و لە سێدارەی دەدەن. فەیلەسوف و نوسەر سیمۆن دە بۆڤواریش لەدژی ئەو ناسنامانەی لەسەر دەستی سیستەم بە زهنیەتی پیاوسالاری بۆ ژن داتاشراوە ڕادەوەستێ و دەڵێت: " ئێمە وەک ژن لەدایک نەبووین، دەکرێین بە ژن."

ڕزگاربوون لە سیستەمە دکتاتۆرەکان و ڕزگارکردنی خاک نایەتە واتای ئازادی، پێدەچێت قسەی دایکێکی ڕزگاربووی ئەنفال باشترین نمونە بێت کاتێ ژنە ڕۆژنامەوانێک لێی دەپرسێت؛ ئەوە ڕژێمی سەدام ڕوخا، تۆ چی دەڵێی؟ لە وەڵامدا دەلێ؛

سەدام حسێن ڕوخا بەڵام لە هەر ماڵ و کوچە و کۆڵانێک سەدام حسێنێک هەیە. ڕوخان و هەڵوەشانەوەی سیستەمە تۆتالیتارەکان بەس نیە، بەڵکوو تێکۆشان و ڕەنج، فەلسەفە و تیۆری، یەکخستنی هزر، گوتە و کردار پێویستە لە پێناوی بنیاتنانی ژیانێکی ئازاد و فەراهەمکردنی زەمینەی خۆبەڕێوەبەری، خودژێنی و خۆپاراستنی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەیەک نەتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێت نەک تەنیا لە ڕووی جەستەییەوە بەڵکوو لە ڕووی بوون، هزر و هەموو بوارێکی ژیانەوە کراوەیە بۆ داگیرکاری و کۆیلایەتی و بێبەرییە لە میکانیزمەکانی خۆپاراستن. " لە واقیعی ئێمەدا ژن و ژیان لە یەک وشەوە هاتووە. واقیعی نەتەوەییمان، واقیعی ژن و ژیانمان پێکەوە هەڵدەسەنگێندرێت. بەڵام وەک دەبینین ئەگەر ئەمڕۆ دوو وشە هەبن کە زیاترین پەیوەندیان لێک دابڕاوە، ئەوەیە. ژن و ژیان، بەداخەوە، بە تاڵانکاری و داگیرکارییەکانی چەندین سەدە، دارمانی کۆمەڵایەتی ژیانی ژنانی گۆڕیوە بۆ بۆ ئاستێکی لە بیرکراو، ژیانیان گۆڕاوە بۆ دۆزەخ. شکۆدارترین کەسایەتی ژن لە سەرەتای مێژوودا؛ ئەو کولتوورەی

که کۆمەڵگە، بەرهەمهێنان و ماڵیکردنی ئاژەڵی، وەک هونەرێک لێکرد و خۆی وەک خوداوەندی یەکەم نیشاندا، ئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ بەڵایەکی ڕاستەقینە. پێویستە پێش هەموو شتێک ئەمە بزانرێت. ئەگەر ژیان هەبێت، ئەوە لەگەڵ ژن دەبێ و ئەوەش بە پێهەڵگرتنی ئازادانەی ژن بەدی دەهێنرێت."[18]

[18] ع. ئۆجالان – گوتارێکی لە ٢٨ ی ئادار ١٩٩٨ دا لە خولێکی ڕاهێنانی کادران دا

## کاروانی فەلسەفەی "ژن، ژیان، ئازادی"

ڕاستیەک هەیە کە ئاراستەی پێشکەوتنی هەر ڕەوت و بزووتنەوەیەک پەیوەستە بە چۆنیەتیی سەرەتاکەیەوە. ئۆجالان لە نیسانی ١٩٨٩ دا لە گوتارێکی بۆ ژنانی بەشدار لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازادی کوردستاندا دەڵێ؛ " ژن بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیان. بەڵام تەنیا وەک بەشی بابەتێک نیە بەڵکوو دەبێ بوونی بە کردەیەکی وشیار و بڕیاردار فەراهەم بکرێت. بەو مانایەی ئێمە تەنیا پەرە بە چارەسەر نادەین بۆ ئێوە (ژن)، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگە پێویستیەکی زۆری بە ئازادبوون هەیە. ئێوەش لەو بوارەدا پێشەنگی ئازادیین. لە ڕادەبەدەر وەک ئەرکێک خۆ دەسەپێنێت. پێویستە بایەخێکی زۆری پێبدەن" [١٩]. یەکەم بەشدارانی ژن لە ڕێزەکانی بزووتنەوەی ئازادی کوردستاندا ئەو بنەمایەی دارشت، کە بەشداری ژن وەک هەنگاوێکی ستراتیژی نەک تەکتیکی بە بەرەنگاربوونەوەی سێ جۆرە ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و ڕەگەزی بوو هەروەها تێکهەڵکێشکردنی تێکۆشان بووە لەو سێ ئاستەدا و مەرجی سەرەکی ئازادی کۆمەڵگە بووە.

---

[١٩] ع. ئۆجالان – لە نیسانی ١٩٨٩ دا لە وتارێکی بۆ ژنانی بەشدار لە ڕیزەکانی تێکۆشاندا

ساکینه جانسز (له ٩ی کانونی دووەمی ٢٠١٣ له پاریس لەگەڵ دوو هەڤاڵی فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز تیرۆر کرا) پێناسەیەکی بۆ تێکۆشانەکەی خۆی دەکرد؛ " ژیانم هەمیشه تێکۆشان بوو"[٢٠]. بەو هزرەشی پرسیاری ئەوەی دەکرد که ئایا دەکرێ ڕێکخستنێکی ئۆتۆنۆمی ژنان دابمەزرێت. له کۆنگرەکەدا تەنیا دوو ژن هەبوون، ساکینه جانسز و کەسیره یڵدرم. هەردووکیان خەڵکی دەرسیم بوون، کەسایەتیان له ئاستێکدا بوو که کاریگەری ڕاستەوخۆیان له ڕەوتی ڕوداو و کێشەکانی ناو ڕێکخستن دا دەکرد. هەڵوێستی هەردووکیان، دوو مەیلی بەرەو ئازادی له لایەک و نەریتی له لایەکی تر بووه بناغەی شیکردنەوه بەراییەکانی بنیاتنانی کەسایەتی ئازادی ژن. له کۆنگرەی یەکەم دا بڕیار لەسەر ڕێکخستنکردنی ئۆتۆنۆمییانەی تایبەت به ژن درا. بەڵام ئەو هەنگاوەی که ئاراستەی مێژووی دەگۆڕی، دوای چەندساڵێک جێبەجێ کرا.

سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠کانەوه ڕێکخستنکردنی ژن یەک له کاره سەختەکان بوون، بەهۆی قەتیسبوونی ژن له ماڵ و به خۆ باوەڕ نەبوونی. بۆ ئەوەش هاتنه دەرەوه له ماڵ و هەوڵەکان بۆ خودناسی ژن و هێنانه مەیدانی

---

٢٠ " ژیانم هەمیشه تێکۆشان بوو " ناوی سێ بەرگی کتێبی بیرەوەرییەکانی ساکینه جانسز

توانست و ماتەوزەی ژن کە بەهۆی داگیرکاری دەوڵەت، پیاوسالاری و ناوەکیبوونی کۆیلایەتی لە ژن دا خەفەکرابوو. ئەو هەنگاوە ڕێی لەسەر بەشداری ڕێکخستنبوونی ژن دەکردەوە. ئەو هەنگاوەی ژن لە یەک کاتدا بە واتای سنگدەرپەڕاندن بوو لەو واقیعەی کۆمەڵگەی تێدا بوو و هەروەها بوێری، بە خۆ باوەڕ بوون لای ژنانی کورد دروست دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٦ دا لە سێیەمین کۆنگرەی پەکەکەدا هەنگاو بۆ ڕێکخراوەیی خۆسەر-ئۆتۆنۆمی ژنانی نران، چونکە کێشەکانی ژن و خێزان، گرێکوێر و چەقی کێشەکانی کوردستان دەبینران. بنچینەی هەوڵی ئازادی ژن، بە شیکردنەوەی کەسایەتی تاک دەرکەوت. شیکردنەوەکان لەسەر ئاستی کەسی دا زانیاری گرنگیان ئاشکرا کرد لەسەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شێوەگرتنی کەسایەتی هەبوو. کەسی داگیرکراو، ملکەچ، بێباک، نابەرپرسیار، کۆیلە، نەریتی، " شێری ماڵ و ڕێوی دەرەوە"[٢١] دەبوو شیبکرێتەوە. دەبوو شەڕێکی شۆڕشئاسای بەرامبەر بکرێت. ئۆجالان بە ئاماژەی» ئەوەی کە شیدەکرێتەوە کۆمەڵگەیە، نەک تاکە کەس؛ مێژووە، نەک ساتەوەخت «. ئەوە کرۆکی ئەو فەلسەفەیە بوو کە دەستی بۆ کێشە

---

[٢١] پەندێکی پێشینانە

کەڵەکەکراوەکانی سەر کەسایەتی دەبرد و ڕێی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بۆ دەکردەوە، بناغەکەشی ئەوە بوو؛ " بەدوای هەرچیدا دەگەڕێی لە خۆتدا بە دوای دا بگەڕێ " و " لەو کوێدا لەدەستمانداوە لەوێدا بە دوای دا دەگەڕێین". ئەو سەکۆ مێژووییانە، تاقیگەیەک بوو بۆ یەکلاکردنەوەی گۆڕانکارییەکان، ئاوێنەیەک کە دەبوو چ ژن و چ پیاو بوێرانە سەیری خۆیانی تێدا بکەن و گرێکوێرەی هەزاران ساڵ بکەنەوە. تێکەڵبوونی کچان و کوڕانی گەنج چ کورد و نەتەوەکانی دیکە هەنگاوی بەرایی بوون بۆ گەردوونیبوون بەڵام لە هەمان کاتدا دەبوو لە ئاوێنەی باڵانمانی کوردستانیشەوە لە پرسە قوڵەکانی مێژوومان بڕوانرێت. . لەبەرئەوەی لەسەر ئەم خاکە، یەکەمین داهێنان و دۆزینەوە ئەرێنییەکانی ژنی تێدا هەڵکەوتووە، هەر لە سەرئەم خاکە، یەکەم پێکهاتە نەرێنیەکانی دژ بە ژنیش سەریهەڵدا، بۆ ئەوەش دەبو لێرەوە دەستپێبکەین و لەجێی دیکە بە دوای حەقیقەتدا نەگەڕێین.

"هەڵوێست لەبەرامبەر کێشەکانی ژن، لە کوردستان و بنیاتی کۆمەڵگەکەیدا، کاتێ هەوڵ بدەین لە خێزان، پەیوەندیەکانی ژن-پیاوەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، دەبینین کە واقیعێکی تایبەتی هەیە. قیبلەی کۆمەڵگەکەمان، هەموو هۆش و غەریزەکانی بە

خۆیەوە بەستووەتەوە و بنیاتەکەشی خێزانێکی ناوەندیی ئاڵۆزە. هەر بۆ ئەوەش دەبێ هەم بنیاتی خێزان و هەم بەپێی ڕۆژانە و لەناو هەناوی یەکدا، دەست بۆ خێزان بەرین "[٢٢]. واتە ئەو خێزانە بەو پێکهاتەیەوە دەزگایەک نیە بۆ پەروەردەکردنی تاکی وڵاتپارێز و ئازاد، بەڵکوو لە خەفەکردنی ماتەی وزەی ژن و هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا، لە خزمەت داگیرکاریدایە. بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لەو خێزانەدا دەبوو ژن ببێتە خاوەن ئیرادە و ڕێکخستن. بەو پێیە یەکەمین ڕێکخستنی خۆسەر و ئۆتۆنۆمی ژنان بەناوی یەکێتی ژنانی ولاتپاریزی کوردستان YJWKدامەزرا. لە هەشتی ئاداری ١٩٨٧ دا پەیوەست بە بەرەی ڕزگاری نەتەوەی کوردستان ERNK ژنان دەستیان بە خەباتی تایبەت کرد. بەو هەنگاوە، گفتوگۆ لە نێو کۆمەڵگەدا لەسەر هەلومەرجی ژن و دامەزراوەی خێزان و کێشەکانی خۆ ڕێکخستن کردنی ژن کرا. ئەو ڕێکخستنە خۆسەرەی ژن، کاریگەری لە سەر سەرتاپای تێکۆشانی ئازادی کوردستان دەکرد. سەدان ژن لە هەرچواربەشی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەشداری ڕیزەکانی گەریلا بوون. شەڕ و تێکۆشان لە پێناوی بووندا بوو بەڵام تەنیا

[٢٢] ع.ئۆجالان – ژن و خێران لە کوردستاندا – ١٩٨٩

شەڕ لەبەرامبەر داگیرکەرانی کورستان نەبوو. بەڵکوو شەڕێک بوو لە بەرامبەر ئەو واقیعەی ژنی لەسەر سەکۆی مێژوو پەراوێزخستبوو. لە دژی دابونەریتی کۆنەپەرستانە و دەرەبەگانەی کۆمەلگەیەک کە ژن بەدەر لە ماڵ شتێکی دیکەی پێ ڕەوا نەدەبینرا. لە دژی ئەو پیاوانەی لە ڕیزەکانی تێکۆشاندا بوون ژنیان وەک بار دەبیی لە شەڕ و تێکۆشاندا. لە دژی هەمو تایبەتمەندییەکانی نەریتیانەی خودی ژن خۆی و پیاوی زاڵ و باڵادەست بوو. ئەو شەڕە، شەڕ بوون بوو. کاروانێکی پڕ ئێش وئازار و لە هەمان کاتدا کاروانێکی پڕ لە جۆش، تاکە کەسێکیش کە جگە لە پێوەری ئازادی بێ قەید و مەرج دەیگووت " من لایەنگری ئێوەم " ئەویش ئۆجالان بوو. ئەو ساڵانە، ساڵانێکی ئاسایی نەبوو لە تێکۆشاندا، بزووتنەوەکە دەبوو مۆدێل، دید و ڕێیەک ببینێتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە کەڵکەبووانەی کۆیلایەتی هەزاران ساڵە و داگیرکارییەکانی دوو سەد ساڵی دوایی هێزەکانی نێونەتەوەیی و دەوڵەت نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر بنیاتی کۆمەڵگەی کورد، ژن و پیاو. وێرای هەڵسەنگاندن لەسەر مۆدێلەکانی ڕیال-سۆسیالیزم و بزووتنەوەکانی ڕزگاری نەتەوەیی بەڵام هەوڵیشی دا

که نەکەوێتە ناو هەڵە و کەموکوڕییە زەقەکانیان. لەجێی ئەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و پرسی ئازادی ژن بخاتە دوای شۆڕش، بۆ چارەسەرکردنی هەنگاوی نا. شیکردنەوەی سیۆسیۆلۆژی لەسەر بنیاتی کۆمەلگەی کورد، ژن و پیاوانی بەشدار لە ڕێزەکانی شۆڕش، دیالۆگ و ڕێبازەکانی ڕەخنە و ڕەخنەدانێکی مێژوویی یەکێک لەو ڕێبازانە بوون بە ئێستاشەوە ژنانی بەهێز دەکرد.

یەکێک لەو بابەتانەی کە گفتوگۆی چڕی لەسەر دەکرا کوشتنی عەشق و خۆشەویستی بوو لە دۆخی داگیرکراوی کوردستان کە واقیعێکی پڕ بە ئازارە لە خێزانی کورد دا. چەقبەستوویی و بێ چارەیی و دۆخی قەیراناوی پەیوندیەکانی ژن و پیاو لە خێزان دا، ژنانی هان دەدا بۆ تێکۆشان.

ئۆجالان دەیگووت؛ " ئەوە بە وردی بینی کە بۆ بەرجەستەکردنی ئەشق کوردستانێک پێویستە، ژنێکی کوردی ڕاپەڕیو پێویستە، لەو پێناوەشدا پێویست بە هەوڵ و تەقەلا و خزمەت دەکات. تۆ دەبێ خزمەت بە سەدان ژنان-کچان بکەیت و هەڵیانسێتەوە سەرپێ بۆ ئەوەی خۆش بوێن و خۆشەویست بن. ئەوە سەرەتایەکی بچووک بوو، بەلام هەر ئەوەش چارەسەریەکی شۆڕشگێڕانە بوو"[23].

---

[23] ع.ئۆجالان – کتێبی عەشقی کورد – ١٩٩٨

له ساڵانی ٩٠کاندا ژنان له مەیدانەکاندا دەرکەوتن. مۆدێلی تێکۆشانی دەستەبژێریان تێ پەڕاند. ئەو ژنانەی کە تەنانەت خوێندەوارییان نەبوو خۆیان له ڕێزەکانی شۆڕشدا دەبینیەوە. له هەموو بوارەکانی تێکۆشاندا. ئەو ژنانەی بەشداریان دەکرد له ئاگایی ئەوەدا بوون کە دەستیان بە ڕێیەکی درێژ و سەخت کردووە، بە هێندەی چارەسەری پرسی نەتەوەیی، چینایەتی، چارەسەری پرسی پەیوەندی ژن و پیاویان له بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێدا دەبینی. ئامرازێکی بە کاریگەری ئەو تێکۆشانەش، پەروەردە و خۆ پەروەردە کردن و ڕەنج بوون. ژنان پێداگریان دەکرد لەسەر گۆڕانکاری و پیاوانیش لەسەر قەوارەپارێزی و کۆنەپەرستی، بیانووەکەشیان ئەوە بوو کە ژنان ناتوانن شەڕ بکەن، له ئاست ئەو هەلومەرجە سەختەی چیا ناتوانن بەرگە بگرن. لەبەرامبەر بەو تێگەیشتنە کۆنەپەرستانەیە کە پشت بە هێزی بازو و قەبەی پیاو دەبەستێت، ژنان پاشەکشەیان نەکرد. ژنانێکی وەک خانم یاوەرکایا، بەسێ ئەنوش، سوڵتان یاوز، میهرەبان ساری، چیچەک سەلجان، نەفش ئاگال-بێریڤان و زۆر ژنی تری قارەمان کە لە شەڕ و ڕاپەڕینەکاندا شەهید بوون، بەرامبەر بەو تێگەیشتانە وەستانەوە و شەڕی بوونیان کرد. له ساڵی ١٩٩٢ بۆ ڕەتکردنەوەی خیانەت و

ڕادەستبوون، بێریتان - گوڵناز کاراتاش لە خاکوکورکێ لە بەرامبەر شەڕی سەپێنراوی خیانەت، چەکەکەی پارچە دەکات و خۆی لە چیاوە فرێ دەدا. ئەو تێگەیشتنانەیان سەروژێرکردن کە تەنیا قارەمانێتی ناسنامەی پیاوان بێ. بەڵام بە تەنیا قارەمانێتی ژن بەس نەبوو سیستەمی داگیرکاریی و هێزە هاوکارەکانی. بەڵکوو دەبوو ئەو قارەمانی، بوێری و تێکۆشانەی ژن بگەیەنرێتە ئاستی چەمک، تیۆری، دامەزراوەیی، ئاکادیمی و زانستی بۆ ئەوەی ژن نەکەوێتەوە ژێر سێبەری پیاو و نەبێتەوە بە پاشکۆ.
لەسەر بنەمای ئەو پێشکەوتنانەی هاتبوونەوە ئاراوە لە کۆتاییەکانی ١٩٩٣ هەنگاو بەرەو دامەزراندنی سوپای ژن نران. چیا بۆ ژنان و تێکۆشەرانی بزووتنەوەکە تەنیا جێی خۆپاراستن نەبوو، بەڵکوو پەرستگەی گۆڕانکاری هزری، پەرەدان بە ئیرادەیەکی ئازاد، خۆدابڕین بوو لە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، زهنیەتی پیاوسالاری و دەوڵەت-نەتەوە کە هەرسێکیان سێکۆچکەی بەرهەمهێنانەی توندوتیژی و قڕکردنی ژن، کۆمەڵگە و ژینگەن. چیاکان و خۆ پەروەردە کردن و خۆ ڕێکخستن کردن لە پێناوی گەیشتن بە سیستەمێکی بەرینی ژن کە خاوەن بڕیار و میکانیزمی تێکۆشانی خۆی بێت. سوپای ژن، هیچ شتێکی لەو سوپایە

نەدەچوو کە لە زهنی کۆمەڵگەدا جێی گرتووە. سوپای تۆڵەکردنەوە بوو لە کۆیلایەتی هەزاران ساڵ. لە ڕیزەکانی گەریلادا " تێکۆشانی ڕەگەزی"[٢٤] لەهەموو بوارێکەوە پەرەیسەند نەک تەنیا لە نێو ژنان بەڵکوو پێوەری ئازادی و تێکۆشانی ئازادییان لە لای پیاوانیش کردە ناچارییەک. ئیتر ژن پێوەری دادەنا کە پەیوەندییەکان لەسەر چ بنەمایەک بن. ناسنامەی ژن و پیاو گۆڕانکاری بەسەردا دەهات، پەیوەندییە خوێنی و خزمایەتییەکان کە خێزان و کۆمەڵگەدا، ئیتر لەسەر بنەمای پێوەری ئیرادەی ئازاد و هزری ئازاد بوو، بەدەر لەوە دەبوو بابەتی پەروەردە و تێکۆشان. لەبەرامبەر بە زهنیەتی دەسەڵاتدارێتی پیاوسالاری و هێرشەکانی دژ بە ژن پەرە بە وشیاری خۆپاراستن درا.

تێکۆشانی ژن دژی هەموو جۆرە پەراوێزخستن و جیاکاریەک لە ئاستی ناوخۆ و دەرەکی، درزی خستە ئەو ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەی کە دەسەڵاتداری لەسەر کۆمەڵگە دروستی کردبوو. ئەم کردەیە ناوی "تێکۆشانی ڕەگەز"ی لێنرا لە نێو ڕیزەکانی گەریلا دا،

---

[٢٤] تێکۆشانی ڕەگەزی دەستەواژەیەکە کە لە نێو بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد لە ساڵانی ٩٠کانەوە پەرەی پێدرا بۆ بەهێزکردنی پێگەی ژن بە ڕێی دیالۆگ، شیکردنەوەی کەسایەتی، ڕاهێنان و پەروەردە و هەڵوێست نواندن لە ئاست کۆنەپەرستیەکانی ناو بزوتنەوەکە چ لە کەسایەتی پیاو و چ کەسایەتی ژن

ژن خود وشیاری زیاتری بە دەست هێنا دەربارەی پیاو یان نێرسالاری و هێرشی ڕاستەوخۆیان.
پەرە بە میکانیزمای چاودێری درا بەناوی " کۆمیتەکانی ئازادی و یەکسانی". ئەزموونەکانی ژنان هەموو ئەزبەرە و کلێشە باوەکانی سیستەمی تێک دەدات. ئۆجالان بەو ئاماژەیەی کە دەیگووت؛ ئەوەی شەڕ دەکات ئازاد دەبێ، ئازاد دەبێ جوان دەبێ، جوان دەبێ خۆشەویست دەبێ" ژنان ئەو ئاماژەیەیان وەک هەوێنێ فەلسەفەی ژیان دەبینی. فراوانبوونی تێکۆشان و بەرهەمەکانی چ لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتیەوە بزووتنەوەی ژنی ناچار دەکرد کە پەرە بە ڕێکخستنبوونێکی بەرینتر و قوڵتر بدەن.
ئەرتەشبوونی ژن، هەرچۆن هێز و ئیرادەی ژنی هێنایە ئاراوە، لە شەڕی بوون و بەرخودان دا، ژنی کردە ئیرادە بەڵام هەنگاوگەلێکی دیکەش پێویست بوو. ئۆجالان پێویستی ئەو هەنگاوانە وەها دەستنیشان دەکات؛
"بیرمان لەوە کردەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەری سەرەتا دەبێ پەرە بە ئاستی ئازادی ژن بدەین لە کوردستان، لە ژێر ناوی یەکێتی ئازادی ژنی کوردستان .YAJK دەبوو چارەسەری بنبەستبوونی سیاسی و سەربازی ببینینەوە، بە هێندەی ئەوەش بۆ تێپەڕاندنی ئاستی لاوازی و نەبوونی وشیاری،

ئیرادە، ئەشق و ئاسۆی بیرکردنەوە، هەوڵماندا پەرە بەو چەکە بدەین کە ناوی یاژەکە. لەوێدا شۆڕشێکی ڕاستەقینە بەرپا دەکرێت."[25].

هەنگاو بۆ ڕێکخستنێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژن دەنرا. لە هەشتی ئاداری ١٩٩٥ دا بە دامەزراندنی یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان قۆناغی پەیوەندی نێوان ئازادی و ڕێکخستنکردنی ژن نرا. لە چیاکانی کوردستان بە بەشداری ٣٠٠ نێردەی ژن و کۆنگرەی ژن ئامادەکاری بۆ پێشوازی لە سەدەی ژن کە ئێستا بووەتە دروشمێکی سەرەکی " سەدەی بیست و یەک ژنە" دەکرا. بڕیارەکانی کۆنگرە دەبوو بنەما و مانیفستۆی تێکۆشان و بە ڕێکخستن بوونی ژن و بە هەرچوارپارچەی کوردستاندا بڵاو دەبوویەوە. دامەزراوەی نوێ، ڕۆڵی دەبینی بۆ گەیشتنی ژن بە هێزی خۆبەڕێوەبەری و پرۆسەی سیاسی بوون و بەشداری ڕاستەوخۆی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەزموونی ژنانی لە چیاکان و هەموو بوارەکانی تری کۆمەڵگەش دەگەیاندە یەک. لە بواری سیاسەت، ڕێکخستکردن، پەروەردە، خۆپاراستن، خۆبەڕێوەبەری و زۆر بواری تر هێزی خۆ دەربڕینی بەدەست هێنا.

---

[25] ع.ئۆجالان – چۆن بژین – ١٩٩٥

گرنگترینیشیان گەرەنتیکردنی پێوەری ژنە کە چی ڕەت بکاتەوە و چی قبوڵ بکات. ئەو هەنگاوە، لە ئەنجامی نەریتی تێکۆشانی بێوچاندا ئافرێنرا. ژن بەهرەی لە بواری سەربازیدا بەدەست هێنا. ژنان ئیتر لە درکی ئەوەدا بوون کە خۆشەویستی ڕەگەزی و تێکۆشان لەسەر بنەمای وشیاری ڕەزگەی، لە شەڕ و ژیانیشدا دەسکەوت و ئازادی فەراهەم دەکات. بە دەرچوون لە تەوەری پیاوێتی، خۆیان دەناسی و خۆیان پێناسە دەکردە و درکیان بە هێزی خۆیان دەکرد. ژنان لە چیا، شار و پێدەشت و گوندەکان، تا زیندانەکان بەشداریان دەکرد.

هەڵبەت گەیشتن بە ئەشقی ڕاستەقینە واتە ئازادی ئاسان نەبوو و نیە بۆ ژنی کورد و ژن بە گشتی. ژنان جەستەی خۆیان لەپێناوی ئەشقی ئازادی بە ئاگر نەخشاند و کردیانەی وزەی تێکۆشان و ڕاپەڕین لە کۆمەڵگەدا. لە ئەڵمانیا هەتا ڕوسیا، لە کوردستان ژنان سنگیان لەبەرامبەر پیاوسالاری، کۆنەپەرستی و تەنانەت سەپاندنی ئازادی ساختەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەردەپەڕاند. زار بە زار دەنگیان دایەوە و بوونە داستانێکی کە دەڵێ: " ئەگەر ئازادی ئاسان بایە، ڕووناهی و بیریتان، ئاگریان لە

جەستەیان بەر نەدەدا "[٢٦]. ساڵی ١٩٩٠ زەکیە ئەلکان، ١٩٩٢ ڕەهشان دەمیرال بە جەستەیان ئاگری نەورۆزیان کردەوە لە دژی قەدەغەکارییەکانی دەوڵەت. لە ساڵی ١٩٩٤ نیلگوین یڵدرم و بەدریە تاش لە دژی قەدەغەی سەر ئازادی سیاسی بە تایبەتی قەدەغەی دژ بە پەکەکە ئاگریان لە جەستەیان بەردا. لە ساڵی ١٩٩٦ لەبەرامبەر هێرشە ناوخۆیی و دەرەکیەکان زەینەب کناجی - زیلان چالاکی گیانفیدایی ئەنجامدا و بە هەڤاڵانیی و دۆست و دوژمنی گووت پلان، تەکتیک و شەڕ لە دژی داگیرکاری چۆن دەبێتە ئەگەر خۆت بە تەنیاش بیت لە مەیداندا.

ئەو چالاکیانە بە هێندەی لایەنی ڕادیکاڵیان بەڵام نیشانەی ئەوەش بوو کە داگیرکەران چ ڕێیەکی تریان بۆ ئازادی نەهێشتۆتەوە و بەردەوام بانگەوازی بۆ ڕادەستبوون و کۆیلایەتی دەکەن. بە سایەی ئەو چالاکیانەوە، درز کەوتە دیدی نەریتیانەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژن. هەر بۆ ئەوەش وەڵامەکان لەو ئاستەدا ڕادیکاڵ بوون. ئۆجالان لەسەر ئەو ئەنجامانەی کە هاتبوونە ئاراوە لە هەشتی ئاداری ١٩٩٨ دا لە هەلسەنگاندنێکی دا

---

[٢٦] ع.ئۆجالان – گوتارێکی لە ڕاهێنانی کادرانیدا لە ١٣ حوزەیرانی ١٩٩٤ لە ئاکادیمیای مەعسوم قورقماز. ئەو گوتارە و چەند گوتاری تر لە کتێبی " چۆن بژین" دا چاپ کرا

گووتی: " ئەو پێشکەوتنە وەک بەرهەمێکی جوانی شۆڕشەکەمان هاتەئاراوە. لەو باوەڕەدام ئەو هەنگاوانەی هاویژراون تا بڵێی سەرنجراکێش و ئیلهام بەخشە بۆ هەموو کەسێک. هێشتاش تەواو بەرهەمی نەداوە. بەڵام ئەنجامە بەرایییەکانی گرنگ، سەرنج ڕاکیش و ئیجابییە"[27]

بێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە زهنیەت، مەحاڵ بوو گۆڕانکاری ڕیشەیی و درێژخایەن ڕوویبدایە. لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەو هەنگاوە کرداریانە تیۆری دابڕان، جیابوونەوەی ناکۆتا (خۆدابڕینی حەتمی لە هەموو کاریگەریەکانی پیاوسالاری و دەسەڵاتدارێتی، لە واتایەکی دیکەدا بنەمای خۆ بنیاتنانێکی نوێ لە دەرەوە ئەو پێکهاتەیە)، کوشتنی پیاوێتی، ئایدیۆلۆژی ڕزگاری و هاوپەیمانی کۆمەلایەتی، هەم لە ڕووی تیۆری و هەم پراکتیکدا، لە ئاستی شۆڕش دا گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەلایەتی لێکەوتەوە. ئەو چەمکانە نەک بۆ ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بخرێتە لاوە، بەڵکوو کۆمەکی گەورەی کرد کە لە بواری جێبەجێکردن و ئاستی گفتوگۆیەکی وەرچەرخێنەری مەزنی پێشکەشی کرد و دەکات.

---

[27] لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی مید تیڤی ئێوارەی ٨ ئادار ١٩٩٨ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کادرانی ژن

لەمێژووو بوو درک بەوە کرا بوو کە ئیتر بەشداری جەستەیی لە تێکۆشاندا بەس نیە، دەبوو کێشەکانی ئازادی ژن و پیاو لەڕیشەوە گفتوگۆی لەسەر بکرایە. ئەو پراکتیکانەی لە ئارادا بوون، پێویستی تیۆری نوێی دەهێنایە ئاراوە بۆ چارەسەری، تیۆری نوێش لە گفتوگۆ، دیالۆگ و قاڵبوونەکاندا هەنگاوی نوێی لە ڕووی چۆنێتیەوە بە ژنان و پیاوان دەنا. گفتوگۆ لەسەر تیۆرییەکانی " جیابوونەوەی ناکۆتا " و" تیۆری دابڕان " کران. دابڕان لە میکانیزمە خنکێنەرەکانی دەوڵەت، پێوەرە سەپێنەر و کۆنەپەرستیەکانی خێزان و زهنیەتی پیاوسالاریی و جیابوونەوەیەکی ناکۆتا چیە؟ ژنی ئازاد کێیە و چۆن دەژی؟ گفتوگۆ لەسەر ئەو تیۆرییانە دەکران و پرسیاری نوێی لێدەکەوتەوە. بەو چەمک و تیۆرییانە، هەم لە ڕووی هزری و هەم جەستەییەوە هانی ژنانی دەدا کە لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

"بەردەوام دووبارەی دەکەینەوە کە ئەو هەلومەرجانەی وشەکانی "ژن و ژیان"یان تێدا بێ ناوەڕۆک کراوە داڕووخان و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە پیشان دەدەن. سەرجەم ئەو فاکتەرانەی بە شۆڕش، پارتی شۆڕشگێڕ، پێشەنگ و تێکۆشەر ناویان دەبەین،

ئەگەر ئەو حەقیقەتە شینەکەنەوە و لە ڕێگەی ئازادییدا سەفەربەری نەکەن، ناتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن[28]".
لەسەردەمێکدا کە ژنان تێکۆشانیان بۆ خۆ سەلماندن دەکرد و لەو پێناوەدا شەڕیان دەکرد، دواتر لە بوارەکانی ژیان، پەروەردە تەنانەت شەڕیش و لە هەموو جێیەک پەرەیان بە مەیدانی خۆسەریی خۆیان دەدا. نەک تەنیا پیاو، بەڵکوو ژنیش بۆ ئەوەی بتوانێت پیاوەکەی ناخی خۆی بکوژێت، لەبەرامبەر بە خودی خۆی تێکۆشانی دەکرد. بەو پرەنسیپەی هیچ کارێک نیە کە ژن نەتوانێ بیکات و تێگەیشتنی " ناکرێ، نابێت و ناتوانم" ی لە وێژەی خۆی توڕدابوو.
ڕێکخستنکردنی یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان و ئەو ئەنجامانەی کە هێنایەئاراوە، بۆ گۆڕانکاری و وەرچەرخانی پیاو، زەمینەی ڕەخساند. بە هێندەی ناسانەمی ئازادی ژن دەبوو ناسنامەی ئازادی پیاویش بنیات بنرایە. ئۆجالان دەیگووت؛ " کوشتنی پیاوێتی پرەنسیپی سەرەکی سۆسیالیزمە. لەوێدا دەسەڵاتدارێتی دەکوژرێت، لەوێدا باڵادەستی و نایەکسانی دەکوژرێت، لەوێدا ناشرینی دەکوژریت،

---

[28] ع.ئۆجالان - دۆزی کورد و ڕێگاچارەی نەتەوەی دیموکرات- دۆزی کورد لە نێو بەرداشی قڕکردنی کولتووری- بەرگی پێنجەم مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی

تا دێت کوشتنی فاشیزم، دکتاتۆری، باڵا دەستییە. ئەو تێگەیە دەتوانێ تا ئەو ئاستە فراوان بکرێت[29]."

دواتر لە نێوان سالانی ٢٠٠٠-٢٠٠٣ ژنان چەند خولێکی پەروەردەیان بۆ پیاوان کردەوە. لە پێناوی شۆڕشێکی زهنیەتدا بە هێندەی کەرەستە تیۆرییەکانی، کەرەستە ئایدیۆلۆژییەکانیشی، دیالیکتێکێکی تێکۆشانی خوڵقاند.

ئەو هەنگاو و چالاکیانە هەر یەکەیان بەردە بازێکی گەیشتن بوو بە مانیفستۆی ژیان، ئازادی و عەشقی ڕاستەقینە. بناغەی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی ڕزگاری ژن کە لە هەشتی ئاداری سالی ١٩٩٨ دا ڕاگەیەنرا.

"ئایدیۆلۆژی ژن، ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتیە. ئەو ئایدیۆلۆژیایە تەنیا لە واتای ڕزگاری ڕەگەزێکدا نیە. ئایدیۆلۆژییەکی ڕزگارییە لە تەوەرەی ژن دا.... لە چارەسەرکردنی پرسەکانی ژنەوە بگرە هەتا ئاشتییەکی پەیوەست بە ئازادییەوە پێویستی بە پێشکەوتنێکی ئایدیۆلۆژییانەی بەو شێوەیەیە. هەموو ئایدیۆلۆژیاکان بە زیادەوە مۆرکی پیاویان بەسەرەوەیە. پێویستی خوڵقاندنی ئایدیۆلۆژیایەک لە تەوەری ژندا گرنگ دەبینم. تەواوی ئەو ڕێکخستنانەی قورساییان پیاویان بەسەرەوەیە، دەبێ ڕەخنە بکرێن. لەسەدا سەد ڕێکخستنە

---

[29] ع.ئۆجالان – کوشتنی پیاوێتی – ١٩٩٧

عەسکەرتارییەکان مۆرکی پیاویان بەسەرەوەیە. سەرتاپا ڕێکخستنگەلی ستەمکار، ڕێکخستنگەلی توندوتیژن. پێویستە دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵاتداریێتی پیاو ڕەخنە بکرێن"[٣٠]. پرەنسیپەکانی ئایدیۆلۆژی ڕزگاری ژن بەم شێوەیەن:

-وڵاتپارێزی: وەک بنەمایەکی سەرەکی دەبینرێت کە ئایدیۆلۆژیای ژن بە پەیوەستبوون بە خاک، کولتوور و بەرهەمهێنان دەبەستێتەوە. لە بەرامبەر نەتەوەپەرستی، خۆشویستنی وڵات و خاک دەهێنیتە بوون. لە ڕێگەی ئەم پرەنسیپەوە هەموو بەشەکانی کۆمەلگە فێری بەها مادی و مەعنەوی مێژووییەکانیان، گەشەپێدان و پاراستنی دەکات. لە ئەنجامی ئەمەش ژنان توانیویانە لە کۆمەڵگەدا بەشدار ببن و فکری ئازاد و دەربڕینی ئازادیان هەبێت. بەوەش ئاشکرا بوو کە ناکرێت پەرەسەندنی هێزی هزری ژن و گەشەپێدانی تەنیا لەسەر ئاستی ڕەگەزی دا لێک بدرێتەوە.

-بیر و ئیرادەی ئازاد، سیستەمی باڵادەستی پیاوسالاری لەسەر بنەما شکاندنی ئیرادەی ژن هەڵکشا. ژنێک کە بێبەش کراوە لە ئیرادەی، ناتوانرێ چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێ کە لە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی دا ڕۆڵ ببینێت. ئاماژەی " بەدەستهێنانی

---

[٣٠] ع.ئۆجالان – دیدارێکی لە تەلەفزیۆنی مید لە ٨ ئادار ١٩٩٨

ئیرادە مەگەر بە خود وشیاری دەستەبەر ببێت، پرەنسیپێکی چارەنوسسازە. بەدەستهێنانی ئیرادەش سەرەتا پێویستی بە خودوشیاریە. بەو واتایە ڕایەڵەیەکی بەهێز هەیە لە نێوان خودئاگایی و بوونی ئیرادەی ئازاد. واتە خاوەن بڕیار بوون، خاوەن بۆچوونە لەهەست، فکردا و هەروەها دەستبەردانە لە هەڵوێستی نەریتیانە. واتە سەربەخۆیی لە هەڵوێست و دەستبەردان لە هەست و هزری نەریتیانە. دەستبەرنەدان لە پێوەری ئازادی، پرەنیسپێکی بناغەییە.

-ڕێکخستنی یەکێکە لە سەرەکیترین بنەماکان بۆ هەر فکرێک کە دەیەوێت بە زیندوویی بمێنێتەوە. ڕێکخراوەیی نەبێت، هیچ فکرێک ناتوانێت ببێتە کردە. ڕێکخراوەبوونی ژنی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا پێویستیەکە. هەروەها ئەو تێبینی ئەوەشی کردوە کە "ئەو ژنانەی کە بۆ ویژدانی پیاوان بەجێ دەهێڵرێن، مەحکومی لەناوچوونە."

-تێکۆشان: بۆ ئەوەی کە ژن وشیاری و ئیرادەی بەدەست بینێت، دەبێ لە بەرامبەر دامەزراوەکانی پیاوسالاری هێزی خۆی بەدەست بهێنێت. ئۆجالان بە ئاماژەی " بەهۆی بێ تێکۆشانییەوە ناسنامەی ژن لە چوارچێوەی چوار دیواردا قەتیس کراوە" ئیشارەت بەوە دەکات کە دەبێ ژن لە هەموو بوارەکانی

ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ڕێکخستنی، کەلتوری بە کورتی لە هەموو بوارەکاندا خۆی بە هێز بکات.

-ئێتیک (تیۆری ئەخلاق) و ئێستیتک (جوانناسی) بە بنەمای سەرەکی ژیانێکی ئازاد دادەنرێت. هەر وەک چۆن ژن لە بوارەکانی شەڕ، گەریلایی و سیاسەت دا، جێی بایەخە ژن لە تێکۆشانی بوون دا دەبێ لەو دوو پرەنسیپە دانەبڕێت. لەو حاڵەتەدا ئازادی ژن و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەبێت. جوانی بۆ ژن دەبێ خۆ لە پەسەنددانی پیاوێک واوەتر و ئیستێتیک لەگەڵ ئازادی هاوواتا بکرێت. خۆداماڵێنە لە پەیوەندی کۆیلایەتی و موڵکایەتی. بۆ ئەوەشە فەلسەفەی" ئەوەی تێکۆشێت ئازاد دەبێ، ئەوەی ئازاد بێ جوان دەبێ، ئەوەی جوان بێ خۆشەویست دەبێ"، بەرجەستەکردنی ئەو دوو پرەنسیپەیە لە ژیاندا.

بۆ ئەوەی ئەو پرەنسیپانە ڕێ بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم خۆ ڕێکخستن کردنی کردنی و ئازادی کۆمەڵگە بکاتەوە، پێویست بوو کە ژنان و گەنجان بە ڕۆڵی پێشەنگایەتی هەستن. هەنگاوی کردەیی بۆ دامەزراندنی پارتی ژن نران. ساڵی ١٩٩٩ پارتی ژنانی کرێکارانی کوردستان دامەزرا. دواتر بە چەند قۆناغێک ناوەکەی لە پارتی ژنی ئازاد- ٢٠٠٠ بۆ پارتی ئازادی ژنانی کوردستان - ٢٠٠٦ گۆڕا. لە کاتێکدا ژنانی نێو بزووتنەوەی ئازادی کوردستان

ئەو هەنگاوانەیان نا کە بزووتنەوەی ئازادی بە دیلکردنی ئۆجالان لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکی نێونەتەوەییدا هەوڵی گەماردۆدان و لەهێزخستنی دەدرا. بەڵام هەر وەک چۆن سەرپێخستنی بزووتنەوەی ئازادی ژن وەک هەنگاوێکی ستراتیژی بۆ ئازادی نرا، دوای ئەو پیلانگێڕێیەش، ژنان بەردەوامیان بە " پرۆژەی نێوچڵ ماو "[٣١] واتە پرۆژەی ژیانی ئازاد دا.

سازبوونی پارتی ژن، زەمینەیەکی بەهێز و فراوانبوونی بۆ ڕێکخستنکردنی ژنانی کوردستان ڕەخساند. ژنان ئیتر نەک تەنیا لە ڕیزەکانی تێکۆشان دا، بەڵکوو لە کۆمەڵگەشدا پشتیان بەو پرەنسیپانە دەبەست. ژن گەیشتبووە ئەو ئاستەی خۆی پێوەری ژیان بۆ خۆی دابڕێژێت، پرەنسیپەکانی خۆی بێ دوودڵی بخاتە ڕوو.

چەمک، تیۆری، دامەزراوەی ئۆتۆنۆم-خۆسەری ژنان جەوهەر و کرۆکی خودی بزووتنەوەکە بوو و شێوەی بە سەرتاپای بزووتنەوەکەش دەدا. خەونیان بە چۆن کۆمەڵگەیەکەوە دەبینی؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بە دواوە گفتوگۆ لەسەر

---

[٣١] " پرۆژەی نیوچڵ ماو " ئاماژەیەکی ع.ئۆجالانە لە یەکەمین دیداری لەگەڵ پارێزەرانی دوای دیلکردنی لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی ١٩٩٩

هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی دەکرا. ئەو گفتوگۆیانە بە کوردستانەوە سنوردار نەما. مەودای گفتوگۆکان گەیشتە ئاستی نێونەتەوەیی.

بە پێشخستنی بوون و ناسنامەی ژن، بنەمای هاوپەیمانیەکی کۆمەڵایەتی دەڕەخساند کە ژن و کۆمەڵگەش بە گشتی لە دەستور و یاساکانی دەوڵەتدا بەدەستیان نەدەهێنا. بەو هاوپەیمانیە کۆمەڵایەتیە ئەوەیان دادەڕشت کە چ جۆرە کۆمەڵگەیەکیان دەوێت، لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا چۆن سیستەمێکی ئابووری، چۆن پەیوەندییەک لەگەڵ سروستدا، لە بابەتی خێزان و منداڵاندا، هاوبەشبوون و پەیوەندی لەگەڵ پیاودا چ پێوەر و بنەمایەک پەیڕەو دەکەن. ئەو هاوپەیمانیە دەبێتە هاوپەیمانیەک لە دژی ژنکوشتن، خەتەنەکردنی ژنان، دەستدرێژی، هەژاری سەپێندراو بە سەر ژناندا، بێکاری، چەوسانەوەی ئابووری کە وەکو هێزی کاری هەرزان بەکار دەهێنرێن، خێزان، یاسا و هتد.. هاوپەیمانیەک دەبێت کە دەربڕی ئیرادەی ژن و کۆمەڵگەش بە گشتی. نمونەی ئەو هاوپەیمانییە کۆمەڵایەتیە لەساڵی ٢٠١٤ ەوە لە ڕۆژاڤا بینران.

لە سەرەتای ٢٠٠٠کانەوە خۆ نوێکردنەوە و شێوەدان بە هزر و سیستەمێک لەسەر بنەمای پارادایمی مۆدێرنیتەی دیموکراتی وەک تەحەدایەک

لەبەرامبەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، دەوڵەت-نەتەوە و پیاوسالاری گەیشتبووە ئاستی فەلسەفە و پرەنسیپەکانی دیموکراسی ڕادیکاڵ و ڕاستەوخۆ، ئیکۆلۆژی و ئازادی ژن. بەو گۆرانکاری پارادایمیە کە لە سەرەتای ساڵانی ٩٠کانەوە لە نێو بزووتنەوەکەدا کاری بۆ دەکرا لە ڕووی تیۆری و کردارییەوە، بزووتنەوەیەک سەرپێکەتبوو کە کۆمەڵگەیی ببوو، لەهەموو مەیدانێک بوو. ئەو گفتوگۆیە لە بزووتنەوەی ئازادی ژندا هەوێنی سەرلەنوێ بنیاتنانەوە و شکڵدانەوەی بە سەرتاپای بزووتنەوەی ئازادی کوردستان. بزووتنەوەی ژن بە شێوەیەکی دیالێکتیکی بزووتنەوەیەکی سەرپێخستبوو کە هەموو کولتوور، ئەتنیک، ئایین، ئاینزا، زمان و ڕەنگ خۆیان تێدا دەبینیەوە. ژنان پێشەنگی پرۆسەیەک بوون کە پێکەوەژیانی گەلان فەراهەم دەکات.

بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پارادایمی دیموکراتی، ئەکۆلۆژی و ئازادی ژن دا لە واتای ڕێکخستنیی، سیاسی و خۆپاراستن دا ببێتە وەڵام بۆ هەموو پێویستەکانی کۆمەڵگە، لە هەموو پارچەکان دا ژنان ڕێکخستنی خۆیان بنیاتنا و پێویست بەئیرادەیەکی هاوبەشی ژن بینرا کە دوور بێت لە پلەداریەکی ناوەندی، بەڵکوو شێوازی ڕێکخستنکردنی ژێر بۆ

ژوور پەیڕەو بکات کە پێچەوانەوەی مۆدێل و هزری پیاوسالاری و دەوڵەگەرێتی و ناوەندگەرێتی کە لە ژوور بۆ ژێرە دان بە ئیرادەی ژن و کۆمەڵگەدا نانێت. لەو مۆدێلەدا سیستەمی هاوسەرۆکایەتی، نوێنەرایەتی هاوبەش، لەهەمو پارچەکانی کوردستان دا ڕێکخستنکردنی خۆپاراستن، سیستەمی کۆنفیدرالی خۆیان چەسپاند، ژنان بە ڕێکخستنی ئۆتۆنۆمی خۆیان بەشداری لەو سیستەمەدا دەکەن. لەم سیستەمەدا کۆمەڵگە لە هەموو ئاستەکاندا خۆی ڕێکخستن دەکات و چاوەڕوانی بەزەیی دەوڵەت نابێت و ئامانجیشی ڕوخاندنی دەوڵەت نیە، ژنانیش خۆیان ڕێکخستن دەکەن و چاوەڕێی بەزەیی پیاو نابن و ئامانجیشیان دژایەتی پیاو نیە وەک ڕەگەزێک بەڵکوو ئامانجی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی پیاوێتی و گەڕاننەوەیەتی بۆ سروشتی خۆی. ئەم پرۆسەیە لە ڕۆژی یەکەمی سەرپێکەوتنیەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ لە خۆی خرۆشان، بەرخودان، بنیاتنان و خۆ نوێکردنەوەدایە. ئامانج، تێپەڕاندنی هزر و پێکهاتەکانی سیستەمی دەوڵەتگەرێتی، باوکسالاری و ڕەگەزگەرێتی کۆمەلایەتیە. گۆڕانکاری سۆسیۆلۆژی لە خێزانی کەسانی شۆڕشگێڕدا ڕوویدەدا، ئەزموونە تیۆرییەکان و دیالۆگ و گفتوگۆکانی نێوان خێزان گۆڕانکاری لە ڕووی

چۆنێتیەوە دروست دەکرد. لە بەهاکانی کۆمەڵگەی کورد دا، ژن، پیاو، ژیان، شەرەف، ناموس، خۆشەویستی و... هتد دەگۆڕان. ئەو گۆڕانکارییانە لە هەموو بەشەکانی کوردستان و تەنانەت خێزانەکانی تاراوگەدا دەبینرا. گفتوگۆکان لەسەر ئەو بەها دیموکراتییانەی کە لە ئەنجامی ئەو فەلسەفەیەوە، مۆدێلی خۆبەڕێوەبەری، هاوژیانی ئازاد، شۆڕشی ژن، ژنۆلۆژی، کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی لەو دەستەواژە و زاراوانە بوون کە گەردوونی ببوو و بووە بابەتی زۆر کۆنفرانس و کۆنگرەی نێونەتەوەیی. لە چەمکی ئینتەر ناسیۆنالیزم واوەتر کە دەستەواژەی ساڵانی ٦٠-٧٠کانی سەدەی ٢٠ بوو، ئیتر هاوپەیمانی گەردوونی لە نێوان بزووتنەوە ئەڵتەرناتیڤە شۆڕشگێڕە کۆمەڵایەتیەکان ببووە ڕاستیەکی سەدەی بیست.

ئەوەی ڕووی داوە و ڕوو دەدات شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دیموکراتییە و پرۆسەیەکە کە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، درەنگ یان زوو لە هەر یەکێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا پەل دەهاوێژێت کە پێویستییەکی حەتمی سەدەی بیست و یەکە. ئۆجالان ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٣ ئاماژە بەو دەستکەوتانە دەکات کە لە ئەنجامی تێکۆشانەوە بەدەستهاتوون و پێویستیش بەردەوامیش دەخاتە ڕوو:

"ئەو بارودۆخ و شێوازی ژیانەی ئێمە تێیدا دەژین، گەورەترین زەبرە لە کۆیلایەتی ژن و ناشیرینیی بێسنوور. بۆ منیش سەرچاوەی شانازییەکی ڕاستەقینەیە. گرنگ ئەوەیە چۆن ناوەڕۆکی ئەم شێوازە ژیانە وەک تاک و وەک دامەزراوە پڕ بکەینەوە. بە بۆچوونی من فەراهەم کردنی زەمینە و هەلومەرج لە ئاستێکی بەرزدا بۆ دەستوەرنەدانی پیاو، نهێنی کارەکە پێک دەهێنێت. لەو هەلومەرجەدا سەرکەوتووترین وەڵام دەدەنەوە لە بەرامبەر بە پیاوێتی. هەندێکیان زۆر باس لە پێداویستی و خۆشەویستی بۆ ژن دەکەن. بەڵام ئێوە زۆر بە باشی درک بەوە دەکەن کە ئەوانە نە بوێرییان هەیە و نە وشیاری و نە جوان بینییان بۆ خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی ژن هەیە. ئەوەی پێی دەڵێن پێویستی و خۆشەویستی لە ڕەمەکێکی سەرەتایی تێ ناپەڕێت. بەو شێوەیەش بێ، خۆشەویستی پێک نایەت، بەڵکوو دەکوژرێت..... ئێوە دەبێت هەر بەردەوام بن لە فێرکردن و نوێنەرایەتیکردنی فۆرمیلەی ئەفسوناوی-سیحر ئاسای ئازاد، واتە ژن-ژیان-ئازادی"

ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئێران کە لە سەرەتای ئەیلوولی ٢٠٢٢ ەوە بە کوشتنی ژینا ئەمینی لە تاران لە لایەن " پۆلیسی ئەخلاق"ی ڕژێمی کۆماری

ئیسلامی ئێران دەستی پێ کرد، جارێکی تر ئەو ڕاستیانەی خستەوە ڕوو کە سەدەی بیستەم و یەک سەدەی ژنە. سەدەی ژن، ژیان، ئازادییە. لە ئامێزگرتنی ئەو دروشمە و هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەسەری کران، ڕاستی ئەو فەلسەفە و پارادایمەی خستە ڕوو. وێرای چەند هەوڵێک بۆ بەلاڕێدابردن، نکۆڵی کردن، چەواشەکردن بەڵام شەپۆلی ئازادیخوازانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو جیهان لە ڕوانەوە لەسەر بنجی خۆی بە ڕەنگی خۆی، ناسنامەی خۆی و بە ویست و داخوازی خۆی بەشداری لە ڕەنگڕێژکردنی ژیانی ئازاد دەبێت و پایەیەکە لە مۆدێرنیتەی دیموکراتی.

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدات نیشاندانی زیندوویی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و سیاسییە کە هەرگیز دەسەڵاتدارەکان و ڕژێمە تۆتالیتارەکان ناتوانن ئیرادەی لە ناو ببەن. وەک ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش جارێکی تر دەگەشێنەوە و دێنەوە مەیدان.

ڕووداوەکەی تاران لە نێوان ژینا ئەمینی و ئەوەی پێی دەڵێن "پۆلیسی ئەخلاق" ڕووداوێکی تاکەکەسی، یان ڕۆژانەیی نەبوو، بەڵکوو ڕووداوێک بوو کە ئەو ڕەهەندە قووڵەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایدیۆلۆژیی و تەنانەت کولتوورییەی هەیە. دەوڵەت دەیەوێت بە بەکارهێنانی ئەخلاق واتای ڕاستەقینەی

ئەخلاق ئاوەژوو بکاتەوە، ئەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر بە ژینا و هەموو کۆمەڵگەی دەکات لە ئەخلاق بێبەرییە. ئەخلاق لە واتای ڕاستەقینەیدا هەست و درک کردنە بە پێویستییەکانی کۆمەڵگە، ئەخلاق بنیاتنانە، لە ئەخلاقدا کوشتن نییە، لە ئەخلاق بڕیاری سەپێنەر نییە، لە ئەخلاق شتێک نییە بەناوی فۆرمدا بە مرۆڤ چ جا ژن؛ " ئەوەی شێوە بە ژن دەدات گەورەتین بێ ئەخلاقییە". ئەوە دەوڵەتە کە فۆرم بە کەسەکان دەدەن کە چۆن بژین و چی بکەن. کۆمەڵگە خۆی بوونێکی ئەخلاقی و سیاسییە. پێویستی بەوە نییە کە دەوڵەت شێوەی پێ بدات و ئەخلاقی بۆ دیاری بکات.

ژینا تاکی کۆمەڵگەیەکە وەک کۆمەڵگەکانی تری ئێران ٤٤ ساڵە ژیانی لە ژێر ستەم و سەرکوتی ڕژێمی ناوەندگەر و پیاوسالار دەگوزەرێنێ. ڕژێم بە بەکارهێنانی هێزی ئایین بەردەوامی بە دەسەڵاتدارێتی دەدات، هەوڵی شەتەکدان (دسپلینکردن) ی جەستە، ئەقل، هەست و ڕوخساری ژن دەدات و لە خودی ژندا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵگە دەدات، ژیان چیدیکە بۆ کۆمەڵگەکان واتایەکی نەماوە. ئەم ترسە لە قژ، جەستەی ژن و ئازادی ژن و کردنی بە پاساو بۆ شەتەکدان و سەرکوتکردن، لێدان و کوشتن، هەر

دەبوو بەو شێوەیەی ئێستا وەڵام بدرێتەوە، هیچ ڕێگەیەکی تر نەمابوویەوە. ئەوەشی لە سەر مەزارەکەی ژینا ئەمینی بە وتنەوەی دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی" وەک ئاگری ناو پوش و پەلاش بڵاوبوویەوە بە ناو گەلانی ئێران و ژناندا تەقینەوەی ڕقی ٤٤ ساڵە لەبەرامبەر ئەو ڕژێمە بەڵام ئەم جارەیان بە پێشەنگی ژنان و سەرتاپای کۆمەڵگەی گرتەوە. خاڵی هاوبەشی ستەمی ڕژێمی ئێران لە بەرامبەر گەلان زۆرن، هەر لە ستەمی نەتەوەیی، مەزهەبی، چینایەتی و ڕەگەزی، بەڵام زەقترین و بە کاریگەرترین خاڵی هاوبەشی ستەم لە سەرتاپای ئەو وڵاتە و سەرتاپای جیهان ئەو سیاسەتەیە کە دژ بە ژن بەڕێوە دەبرێت. ئەوەی لەبەرامبەر ژن دەکرێت جەوهەر و کرۆکی هەموو جۆرەکانی ستەمە، چونکە کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن و شەتەکدانی سەریکێشاوە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو مەیدانەکانی ژیان لە کۆمەڵگە و وزەی کۆمەڵگەی لە پێناوی درێژەدان بە دەسەڵاتداریێتی و ستەمکاری، خەفە کردووە. ئەوەی هاوتەریب لەگەڵ وتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی هاتۆتە مەیدان، وزەی ژنە، وزەی کۆمەڵگەیە کە بە درێژایی مێژوو لە ئەنجامی سەرکوت لاوازکراوە، سەرکوتکراوە،

پەراوێزکراوە بەڵام وەک حەقیقەتێکی مێژوویی و کولتووریی، هەرگیز نەتوانراوە لە ناوببرێت.
ئەوەی لە مەیدانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٢ەوە دەبینرێت، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵایەتی و دیموکراتییە، واتە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە. گومانی تێدا نییە کە هێزی دەرەکیش دەست وەردەدات و زۆریش جیاواز نین لەو دەسەڵاتەی هەیە کە زیهنیەتی کۆنەپەرستی و نەتەوەپەرستە و هەوڵی دزە کردن دەدات بۆ ناو ئەو شۆڕشە. لە قۆناخەکانی پێشووتر زۆر هەوڵ هەبوون بۆ دزەکردنە ناو شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شۆڕشی گەلان لەساڵی ٢٠١١، لە لایەن گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بە لاڕێدا برا بەڵام بەو هێڵی سێیەمەی کە شۆڕشی ڕۆژاڤا (باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا) بەرپا بوو دەستکەوتەکانی شۆڕشی تا ئێستا پاراستووە لەبەر ئەوەی کە شۆڕشی ژن لە ناو شۆڕشدا گەشەی کرد و بناغەکەشی بەو پرەنسیپانە پەرەی سەند کە پێشتر ئاماژەی پێکرا.
چەندین ساڵە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی وێردی سەرزمانی ژنانە لە زیندانەکانەوە بگرە تا چیاکان، لە شەقامەکانەوە بگرە تا کۆنفرانس و کۆنگرەکان. لە هەموو مەیدانەکان و لە سەدەیەکدا کە وەک سەدەی

ژن پێناسە دەکرێت لەبەرانبەر ئەو تاریکییەی بەسەر ژندا سەپێنراوە و ئەو چەواشەکاریانەی لە بەرامبەر ناسنامەی ژن و ڕاستی ژیان کراوە و ژیانی گەمارۆداوە، لە مێژە کارونی ڕێنسانس و ڕۆشنگەری ژن لەو هەرێمە دەستپێکردووە کە هەمیشە زهنیەتی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان وەک هەرێمی ئاژاوە، کۆیلایەتی و مردن پێناسەیان کردووە. لە دوای کوشتنی ژینا ئەمینیشەوە بووەتە دروشمی هاوبەش. عاتیفە نەبەوی زیندانی سیاسی گرتووخانەی ئەوینی تاران لە تویتێکیدا لەسەروبەندی دەستپێکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ژنان و گەلان لە ئێران دژ بە کوشتنی ژینا ئەمینی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو یەکەم جار دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی"[٣٢] لە شیرین عەلەمهولی بیستووە (شیرین عەلەمهولی لە ٩ گوڵانی ٢٠٠٩ دا لەگەڵ سێ هەڤاڵی تری عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، فەرزاد کەمانگەر و زیندانیەکی بەلوجی مەهدی ئیسلامیان لەسێدارەدران). هەروەها سیاسەتمەداری کورد محەمەد ئەمین پێنجوێنی، کە پێشتر چەندین جار چووەتە لای ئۆجالان لە سوریا

[٣٢] وتاری سۆران قوربانی " ژن ژیان ئازادیی... لە مرۆڤێکی تەنیای نێو زیندانی تاکەکەسییەوە تا شەقامەکانی ئێران" لە ماڵپەڕی بی بی سی فارسی ١٦ تسرینی یەکەم ٢٠٢٢

و دۆڵی بیقاع وتارێکی بڵاو کردووەتەوە، دەڵێت: ' لە ساڵی ١٩٩١ بۆ جاری یەکەم کاتێک چومە بیقاع، زیاتر لە هەزار گەریلای لێ بوو، ئۆجالان وتارێکی پێشکەش کردن دواتر دروشمی ' ژن، ژیان، ئازادیی' وترایەوە و ئەوەم بە چاوی خۆم دیت". دەنگی بەرزی وتنەوەی دروشمەکانی ژن، ژیان، ئازادی لە مەیدانەکان بەرزی ئەو ئیرادەیە نیشان دەدات کە لەئەنجامی تێکۆشانەوە گەڵاڵەوە بووە، بۆ ئەوەش هەروەک ناگیهان ئاکارسەل دەڵێت؛ " کەس ناتوانێ ئەوانە بێدەنگ بکات کە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەڵێنەوە". ئەو دروشمە ئیتر تەنیا دروشمی ژنان نیە، بەڵکوو دروشمی هەموو پەراوێزخراوەکان، گەلانی بندەستیشە، تەنیا دروشمی گەلی کورد نیە بەڵکوو بووەتە دروشمێکی گەردوونی. نهێنیەکەی لە تێکۆشانی بە ئیرادە بوونی ژن و ڕوانەوەی لەسەر بنجە مێژوویی و کولتووره بەرخودانیەکەی خۆیدا شاراوەیە، بۆ ئەوەشە تەنیا دروشم نیە بەڵکوو مانیفێست، فەلسەفە و پاردایمێکە.

# "ژن، ژیان، ئازادی" بە زانست بەرەو کۆمەڵگەییبوون و دامەزراوەییکردن

سیستەم و ڕژێمە ناوەندییە دکتاتۆر و تۆتالیتارەکان بۆ درێژەدان بە بوونی خۆی بێوچان کۆیلایەتی ژن بە شێوازی جیاواز بەرهەم دێننەوە. لە کولتوور و هونەرەوە بگرە تا هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن، لە ئابوورییەوە بگرە تا سیاسەت هەموو سیستەم کار بۆ ئاراستەکردنی ئەو کۆیلایەتیە دەکات. هەزاران ساڵە بانگەشە دەکرێت کۆیلایەتی قەدەر و ناسنامەیەکی سروشتی ژنە. ژنانێکی کە لە تێکۆشانی گەریلادا، بەتایبەتی لە سەدەی بیستدا بەشداریان کرد، لە سیاسەتدا پێشەنگیان کرد، لە ئەنجامی تێکۆشانێکی بەردەوامدا تێکۆشانەکەیان گەیاندە ئاستی زانست، ئەو بانگەشانەیان لە ڕیشەوە هەژاندووە.

ئەزموونەکانی ژن لە هەرچواربەشی کوردستان کە هەر بەشەی بە تایبەتمەندی خۆیەوە پەرەیسەند و خاڵی هاوبەشیشی؛ ڕەنگدانەوەی بەشداری و ناسنامەی ژن لە سیاسەتدا دەرکەوت و خاوەن سەرەتایەکی گرنگ بوو لە ئاراستەکردنی ئەو بەشداریەدا. لە بوارەکانی سەربازی، سیاسی، پەروەردە، ئابووری، کولتوور، هونەر و وێژە، دیبلۆماسی و ڕاگەیاندن و چاپەمەنیدا پەرەی بە

ڕێکخستنی خۆسەری خۆیدا. لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەپێی پێویستیەکانی ژنان و بۆ چارەسەری پرسەکانیان، ڕێکخراوەی جیاوازی خۆی دامەزراند. هەرچەندە تێکۆشانی ژنان، تێکۆشانێکی نوێ نیە بەڵام گەیاندنی بەشداری ژن و تێکۆشانییان بە ئاستێکی فەلسەفی، پارادایم و ئیرادە بوونی ژن هەنگاوێکی شۆڕشگێرانەیە. قۆناغی کورتکردنەوە و پڕکردنەوەی مەودای شۆڕشگێڕی و سۆسیۆلۆژییە، ئەو ڕاستییەی کە هەر شۆڕشگێڕێک کۆمەلگەی خۆی بناسێت، خۆی لە خۆیدا کۆمەڵناسێکە و بێ دیدێکی زانستی کۆمەڵایەتی هیچ شۆڕشێک سەرناگرێ چ جا لە ئاست پرسە قوڵ و ڕیشەییەکاندا خاوەن دیدێکی چارەسەری بێت. ئەم قۆناغە، قۆناغی پڕکردنەوەی مەودای ئایدیۆلۆژیا و ئەرکی شۆڕشگێڕییە، بێ بوونی دیدێکی ئایدۆلۆژیانەی کۆمەڵایەتی پێشەنگایەتی کردن بۆ گۆڕانکاری مەحاڵە. ئەو دیدە ئەمڕۆ لە مەیدانەکانی ڕاپەڕیندا دەبینرێت کە دیدێکە لە سەر بنەمای پێکەوەژیان و فەلسەفەی نەتەوەی دیموکراتییە. ئەم قۆناغە، قۆناغی پڕکردنەوەی مەودای نێوان زانست و کۆمەڵگەیە. ئەو زانستەی تا ئێستا لە پاوانی دەسەڵاتدا و خراوەتە خزمەت دەسەڵات و دەوڵەت و هێزی سەرمایەوە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕیشەیی و

تێپەڕاندن دەبێتەوە. پەرە بە زانستێک بە کۆمەڵگە. لەهەمان کاتدا قۆناغی پڕکردنەوەی مەودای نێوان شۆڕشگێران و کۆمەڵگەیە، شۆڕشگێرانێک کە پشتیان لە دەسەڵاتداریی و ڕوویان لە کۆمەڵگە بێت. ئەگەر ئەمڕۆ پێشەنگایەتی ژن و گەنج واتارە، ئەوە لە پڕکردنەوەی ئەم واتایانە و پڕکردنەوەی ئەم مەودایانەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

لە پەرەدان بە ڕوانگەی فەلسەفەیی و پارادایمیی " ژن، ژیان، ئازادی" ئۆجالان واقیعێکی چەقبەستووی ڕووبەڕووی پرسیار کردۆتەوە و هەوڵی گۆڕینی ڕیشەیی داوە، لە ڕەوتێکی فەلسەفی، سیاسی و ڕێکخستنیدا واتای هاوچەرخانەی لێ بارکردووە، بزووتنەوەیەکی لە پێناوی پراکتیککردنیدا سەرپێخستووە و زەمینەی بە ئیرادە بوونی ژنی ڕەخساندووە، دیالێکتیکی تیۆری و پراکتیکی لە هەناوی یەکدا پەرەپێدا، لەولاتری دیدی ئەتینیکی، نەتەوەپەرستی و سنورپەرستی، زەمینەی گەردوونیبوونی فەراهەم کردووە و گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگەی بە ئاراستەی ئازادی لەسەر بنەمای " دیموکراسی ڕادیکاڵ و ڕاستەوخۆ، ئیکۆلۆژی و ئازادی ژن" ڕیشەدار کرد. لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کتێب و شیکارییەکانی، چ لە ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادرانی بزووتنەوەی ئازادی

کوردستان بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ، چ لەو دیدارانەی کە لەگەڵ پارێزەرەکانیی ئەنجامی داوە لە ساڵی ١٩٩٩ ەوە لە زیندانە تاکەکەسیەکەی لە گرتووخانەی ئیمرالی ئەنجامی داوە، گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن.
کۆمەڵگەییبوونی فەلسەفەی "ژن، ژیان، ئازادی" هەم دەرەنجامێکە و هەم پرۆسەیەکە کە بە تێکۆشان، ڕەنج، زەحمەتی و قوربانیدانێکی زۆر گەیشتۆتە ڕۆژی ئەمڕۆ. لە بواری ڕێکخراو و دامەزراوەییەوە و تیۆری زۆری قۆناغی جیاجیا بە خۆیەوە بینی، بەرهەمی ٤٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانە. دەرکەوتنی ئەنجامەکانی ئەو تێکۆشانە و وتنەوەی دروشمەکانی " ژن، ژیان، ئازادی " لە مەیدانەکان واتادارە و قۆناغی بەرەو کۆمەڵگەبوونی ئەو شۆڕش و فەلسەفەیەیە. ئەو پرۆسەیە، قۆناغی یەک لە دوای یەکی وەڵامدانەوەیە لەو شکستانەی کە هزری پیاوسالاریی لە ماوەی ٥ هەزار ساڵ لە پێگەی ژن و کۆمەڵگە ئەنجامی داوە. ئەو پرۆسەی بە دوو قۆناغ دەستپێکرد. یەکەم، ژنی کورد بووە خاوەن فکر و ئایدیۆلۆژیای خۆی. دووەم؛ ژن بووە خاوەن ڕێکخستن و دامەزراوەی خۆسەری خۆی.
ئۆجالان لەساڵی ١٩٩٢ لە پەروەردەیەکی پێگەیاندنی کادرانیدا ڕوو بە ژنانی بەشدار لە خولێکی پەروەردە بۆ هەڵسەنگاندن لە سەر ئەو ئەنجامانەی تا ئەو

قۆناغە لە بزووتنەوەی ئازادی پێی گەیشتووە، دەڵێ: " گەر پیاو چارەسەر نەکەن ژیانتان لە مەترسیدا دەبێ، بۆ چارەسەریش دەبێ فراوان و زانستیانە ئەو کارە بکەن". کاتێ دەیگووت " پیاو " لای ئۆجالان چیدیکە پیاو تەنیا پێکهاتەیەکی بیۆلۆژی و ڕەگەزی نیە، بەڵکوو سیستەمێکە کە هەموو پایەکانی پیاوسالاری، دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەت و سەرمایەداریی کردۆتە دۆخی سیستەم و زهنیەتێک. ئەو، هەر ئەو کاتانە ئاماژەی بە گرنگی کاری زانستیانە و بەئاگاییانە کردووە لە مامەکردن لەگەڵ پیاو بەڵام جەختی لەسەر ئەوەش دەکردەوە کە لە هەلۆێستی تاکەکەسیانە زیاتر سیستەمی پیاوسالاری پێویستی بە هێزی ڕێکخستنکراوی ژن هەیە. زانستیانە مامەڵە کردن واتە گواستنەوەی تێکۆشان لە قۆناغی بەرخودان-بەرەنگاری و تێکۆشانی بوونەوە بەرەو قۆناغی بەرخودان و بنیاتنانی ژیانی ئازاد لە هەناوی یەکدا. سەرەتای ڕوانگەکەش لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە لە ڕووی تیۆرییەوە هەنگاو گەڵاڵەبوون دەنێت. ڕوانگەی " شۆڕشی کوردستان دەبێتە شۆڕشی ژن " و " کۆمەڵگە ئازاد نابێت، ئەگەر ژن ئازاد نەبێت"[٣٣] ئازادی ژنیش پێویستی بە دیدێکی قوڵی مێژوویی، فەلسەفی،

---

[٣٣] ع.ئۆجالان – کتێبی " چۆن بژین" ١٩٩٥

ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی، زانستی هەبوو. کاروانی " ژن، ژیان، ئازادی" کاروانی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتی و دیموکراتیەیە کە ئێستا لە قۆناغی بەرخودان و بنیاتنانی سیستەمی کۆنفیدرالی دیموکراتی و لە هەمان کاتیشدا سیستەمی کۆنفیدرالی دیموکراتی ژنە لەهەموو بوارەکانی خۆپاراستن، سیاسی، ئابووری، حقوقی، دیبلۆماسی، ڕاگەیاندن، پەروەردە، کولتوور، کۆمەڵایەتی. هەندێ پرسیار دەکەن کە لەو بوارانەدا مەگەر بوارێکی تایبەتی بۆ ژن نیە؟. وەڵامەکە لە مێژووی بە ئیرادە بوونی ژندایە کە بەپێچەوانەی مۆدێلی بەشداری ژن بەشێوەی لقێک یان بەشێکی پەراوێز لە دامەزراوە یان ڕووبەرێکی گشتی، یان بەشێک لە پەیکەرێکی گشتی پارت یان بزووتنەوەیەک، ژن لە فەلسەفەی و پارادایمی مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا جەوهەری تەواوی سیستەمەکەیە، هەم سیستەمێکی کۆنفیدراڵی دیموکراتی ژن دا خۆی ڕێکخستن کردووە. لە هەموو بوارەکان هەم سیستەمێکی دیموکراتی لەسەر بنەمای بەشداری ڕاستەوخۆ و یەکسان و هەم لە خۆبەڕێوەبردندا لە سەر بنەمای هاوسەرۆکایەتی، لە ڕووبەری ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەسەر بنەمای هاوژیانی ئازادە. لە ڕووی تیۆرییەوە بناغەیەکی تۆکمەی هەیە، لە ڕووی پراکتیشەوە خاوەن

میکانیزمای تایبەت بە خۆیەتی لە خۆ ڕێکخستن کردنی ژێر بۆ ژوور لە شێوەی کۆمین، ئەنجوومەن و کۆنگرە کە دامەزراوەکانی خۆبەڕێوەبەریین، هەم لە ڕووبەری تێکەڵ و هەم لە ڕووبەری خۆسەری ژندا، بۆ بەردەوامی ئەو سیستەمە و خۆ نوێکردنەوەشی، سیستەمی پەروەردەی لەسەر بنەمای ئەکادیمیاکانە لەسەر بواری جیاواز. بەو پێیەی کە زانستی ژن- ژنۆلۆژی زانستی مۆدێرنیتەی دیموکراتی، زانستی هاوژیانی ئازاد، زانستی ژیان، زانستی کۆمەڵگەیە و زانستی خۆپاراستنە، ژنۆلۆژی ڕێبازگەلێک دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بوونی ژن بە ڕایەڵەیەکی ڕاستەوە سازبکات، کاتێ ئەو ڕایەڵەیە بە ژیان، ئازادی و کۆمەلگەبوونەوە سازکرد، سەرلەنوێ خۆ پێناسە دەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێزی بزوێنەری کۆمەڵگە دێنێتە مەیدان و ڕۆڵ لە نەخشاندنی ڕۆحی سەردەم دا دەگێڕێت، بێ ئەوەی کۆمەڵگە بۆ چین و توێژ پۆلێن بکات ئامانجێتی بە چەمکێکی شۆڕشگێرانە خزمەت بە هێزەبزوێنەرەکان بکات، باوەڕی بەوەیە ژن لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی وەهادا بە شێوەیەکی ئازادانە دەکرێ بڕیار بدەن کە چۆن بن؟، چۆن دەبێ بژین؟ و چی بکەن؟. لە پێناوی پێشخستنی تاک و کۆمەڵگەیەکی

ئازاد دا؛ ژنۆلۆژی ئامانجێتی بە دید و چەمکێکی ژنانەوە ئەو بەهایانەی لە تەواوی تێکۆشانی ژنان لە نێو هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەدا کۆبۆتەوە، ئەزموون، بەسەرهاتەکانیان، بنبەستبوون و توانستی گەشەکردنیان، سەرلەنوێ هەڵسەنگێنێتەوە. گفتوگۆکردن لەسەر گەنجینەی کەم وێنەی کەڵەکەبووی ژن لەو بوارەدا، بە ڕۆحی سەدەی بیست و یەک و بە بەرپاکردنی شۆڕشی ژن هەنگاوی قەڵەمبازئاسا دەنێت.

ژنۆلۆژی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ و ئەو بوارانەی کە لە ڕووی کردارییەوە ئەنجامی هەبووە، بۆ خۆپاراستن و بنەبڕکردنی قڕکردنی ژن و کۆتاییهێنان بە زاڵێتی دژ بە ژن چەند خاڵێکی بنەڕەتی دەخاتەڕوو[٣٤]:

١ -بۆ گۆڕینی زهنیەت، خەبات و تێکۆشانێکی تۆکمەی دەوێت. ژنێتی و پیاوێتی باڵادەست دەبێت بگۆڕێت. دەکرێت تێگەیشتنمان بۆ عەشق، پەیوەندی سێکس، هاوسەرگیری و خێزان، بە تیۆری هاوژیانی ئازاد پێناسە بکەینەوە و گۆڕانکاری بەسەردا بێت

٢ -ناسنامەی پیاو بە زهنیەتی پیاوسالاری لەسەر نکۆڵیکردن لە ناسنامەی ژن و نەبوونی ژن بنیاتنراوە. ئەمەش بناغەی فێمیساید - قڕکردنی ژن

[٣٤] زۆزان سیما – کتێبی وانەکانی ژنۆلۆژی ٢٠٢٢

یان ژنکوژی پێکدەهێنێت. پێویستی بە پەرەدان بە تیۆری کوشتنی پیاوێتی هەیە، کوشتنی پیاوێتیەک کە لەسەر بناغەی زاڵبوون بنیادنراوە. ژن ناکرێ هاوڕێ، پشتیوان و عاشقی پیاوێکی باڵادەست بێت. پێویستی بە دیموکراتیزەکردنی بنەڕەتی پیاو هەیە.

٣ -گۆڕینی عەقڵیەتی مرۆڤ تێکۆشانێکی درێژخایەنی دەوێت. ئەوەش پێویستی بە خۆ ڕێکخستن کردنی ژنان هەیە. ژنان دەتوانن پێکەوە بەرگری لە خۆیان بکەن. هەرەوەزییەکانی ژنان، ئەکادیمیا، گوندەکان، کۆمۆنەکان دامەزراوە گەلێکن کە دەکرێ بۆ ڕاوەستاندنی بکوژەکان و گۆڕینی زهنیەت پەرە بە دامەزراندنیان بدرێت.

٤ -بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە هەموو بوارەکانی ژیان خۆیان دەرببڕن، بڕیار بدەن و بڕیارەکەیان جێبەجێ بکەن، پێویست بە داڕشتنی پرەنسیپی سیاسی هەیە. لە ڕێگەی نوێنەرایەتی یەکسانی ژنان لە هەموو بوارەکاندا، پەرە بە سیستەمی هاوسەرۆکایەتی بدرێت.

٥ -پێویستە ژنان بتوانن لەڕووی جەستەییەوە بەرگری لەخۆیان بکەن. بەرگریکردن لە خۆیان بە چەک لە حاڵەتی هێرش و شەڕدا. واتای بەرگریکردنی تاکەکەسی لە بەرامبەر توندوتیژی، پاراستنی هەست، هزر و دەروونیان لە بەرامبەر تەڵەکانی سیستەمی سەرمایەداریی و پیاوسالاری،

بۆیە پێویستە پێناسەیەکی گشتگیر و بە دامەزراوەییکردنی خۆپاراستن هەبێ. لەهەمان کاتدا پەرەدان بە وشیاری ژن لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی لە ڕووی مێژوویی و کولتووریەوە، پەرەدانە بە خۆپاراستن.

٦ -توندوتیژی دژ بە ژنان دەرئەنجامی پەیوەندییەکی بنیاتی و هزریی دەوڵەت و سیستەمی پیاوسالارییە. بۆ ئەوەش ژنان بۆ خۆپاراستن پێویستیان بە گرێبەست یان هاوپەیمانییەکی کۆمەڵایەتیە.

"بێگومان هاوبەشێتییەکی ئازاد و یەکسانانەی ژیان لەگەڵ ژندا مسۆگەر سەبارەت بە حەقیقەتی کۆمەڵگە بە دڵنیاییەوە پێویستی بە دانایی هەردووکیان هەیە. چونکە عەشقی ڕاستەقینە تەنیا لە دۆخی هاوسەنگیی هێزی حەقیقەتی کۆمەڵایەتیدا و بەرامبەر بە یەکتر لە ئارادا دەبێت. هەر بۆیە ئەو کەسایەتییانەی لە کۆیلایەتی، دەستدرێژیی و دەسەڵاتەوە گلاون، هەرگیز عەشق لای ئەوان بوونی نابێت. دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ئەزموونە فاشیلەکان و مایەپووچبوونی خێزانیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. لە دۆخێکدا ژنیش بە لانی کەمەوە بە قەدەر پیاو ببێتە خاوەن مەعریفە و هێزی کۆمەڵایەتی؛ ئەو کاتە دەشێت خۆشەویستی و جوانی لە چوارچێوەی ئاشتی و بێ دەسەڵاتیدا بە

شێوەیەکی ئازاد و یەکسان پەرەی پێ بدرێت و هاوبەشیتی تێدا بکرێت. هەلومەرجی ڕۆژی ئەمرۆمان ئەولەویەتدان بە شۆڕشی ژنی سەدەی بیست و یەکەم وەک مەرجێک بەسەرماندا دەسەپێنێت. دروشمی "یان ژیان یان دڕندەیی"، هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە دەسەپێنێت[35].

[35] ع. ئۆجالان - قەیرانی شارستانیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و چارەسەری شارستانی دیموکراتی - بەرگی چوارەمی مانیفێستی کۆمەڵگەی دیموکراتی